# وەڵامی

# راپۆرتی ساڵانەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

## (ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)

## سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

**Updated 2020**

**پێشەکی:**

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دوایین راپۆرتی خۆی دەربارەی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان 2015/1/1 تا 2015/12/31 بڵاوکردەوە. لە دوایین راپۆرتیاندا تیشکیان خستووەتە سەر ئەو پێشلێلکاریانەی کە لەو ماوە دیاریکراوەدا ئەنجامدراون و دەستەکە تێبینی لەسەریان هەبووە، هەروەها لە هەمان کاتدا ئەو لایەنانەشی دیاری کردووە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە.

لەم راپۆرتەدا تیشك خراوەتە سەر  چەند لایەنێکی گرنگ لە رێکخستنی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لەوانە سەروەری یاسا، ئاوارە و راگوێزراوان لە کەمپەکان بە گشتی، مافی ئافرەتان و منداڵان و کەمئەندامان، ڕەوشی گرتووخانەکان، پۆلیس و ئاسایش، ئازادی رادەربڕین و راگەیاندن، رەوشی کرێکاران بە گشتی، تەندروستی، بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان، پەروەردە و فێرکردن، خوێندنی باڵا و دارایی و ئابووری.

له وەڵامدا دامودەزگا پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە پێیان ڕاگەیاندین کە لە ئێستادا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە هەرێم کار بە یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی 1969ی سزادانی عێراقی دەکرێت و لە دەرەوەی هەرێمیش یاسای بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە 28ی ساڵی 2012 کاری پێ دەکرێت، وەک حکومەتیش هەموو هەوڵێکمان داوە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی کرێکاران و دەستەبەر کردنی مافەکانیان وەک هەر تاکێکی هەرێم، هەروەها بەپێی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (39) لە ساڵی (1971) هەموارکراو بە یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2012) لەلایەن پەرلەمانی کوردستان سیستەمی خانەنشینی کرێکاران ڕێکخراوە. بەم پێیەش ژمارەی کرێکارانی خانەنشین کراو تا کۆتایی ساڵی (2015) گەیشتووەتە (678) کرێکار و ژمارەی ئەوانەی پاداشتی کۆتاییان وەرگرتووە تا کۆتایی ساڵی (2015) گەیشتە (3751) کرێکار.

لە وەڵامی خۆیاندا وەزارەتی ناوخۆ کۆمەڵێک ڕێکاری تایبەتی بۆ هێنانی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان گرتووەتە بەر و بەپێی ڕێنمایی ژمارە (2) ی ساڵی (2015) کە لەلایەن وەزارەتی کار دەرچووە، کرێکاری بیانی دەهێندرێتە هەرێم و هەر کۆمپانیایەك پێشێلکاری لە ڕێنماییەکان بکات ئەوا لەلایەن لیژنەی بەدواداچونی کێشەی کرێکاری بیانی کە لە هەموو پارێزگاکان هەیە و دوو لیژنەی باڵاش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی بۆ دەکرێ و بەپێی یاسا لێپرسینەوەیان لێدەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی مافی کرێکارانی بیانی پارێزراوە، چونکە ئەوانیش یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق و ڕێساکانی وەزارەتیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکان.

سەبارەت بە ڕەوشی پەروەردە وەزارەتی پەروەردە ڕایگەیاند کە پلانێکی تایبەت و تۆکمەی داناوە بۆ ڕێگریکردن لە جێهێشتنی خوێندن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت، پلانەکەش بە شێوەیەکە کە جەخت لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی خستنە بەر خوێندن و کەمکردنەوە ڕێژەی دابڕان دەکات بە جۆرێک توانیویەتی ڕێژەی دابڕان لە (ساڵی ٢٠٠٨ لە ١٤%) بۆ (٨% لە ساڵی ٢٠١٥) کەم بکاتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەک بە بارودۆخێکی ئابووری و دارایی سەختدا تێپەڕ دەبێت و لەلایەکی دیکەش لە شەڕێکی دژواردایە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش سەرەڕای ئەمەش باوەشی بۆ نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر کردووەتەوە. وەزارەتی ناوخۆ پێی ڕاگەیاندنک کە بەشێکی زۆری شوێنی نیشتەجێی ئاوارە و پەنابەران لە جۆری خێمەن و لێرەدا پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆمەکی دارایی ڕاستەوخۆ پێشکەش بە حکومەتی هەرێم بکات بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پێداویستی مرۆیی و باشترکردن و زیادکردنی خزمەتگوزاری ئاو و خزمەتگوزارییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی کەمپی ئاوارە و پەنابەران جیاوازە، پێویستە وردبین و جیاوازی بکەین لە نێوانیان. ئەگەر بە بەرنامە کار بکرێ بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و حکومەتی عێراق هاوکار بێت لەم ڕووەوە ئەوا بارودۆخی ئەو ئاوارانەی کە دەمێننەوە زۆر باشتر دەبێ و دەتوانرێ زۆرترین خزمەتگوزارییان پێ بگات لە ڕووی تەندروستی ، پەروەردە، نیشتەجێبوون، ئاو و پاککردنەوە، خزمەتگوزارییەکانی دیکەش بەڵام تاکو ئێستا گرنگیدان بە گەڕاندنەوەیان لە لایەن حکومەتی عێراق و حکومەتە خۆجێییەکانیان وەکو پێویست و لە ئاست گەورەیی قەیرانەکە نییە.

سەبارەت بە ڕەوشی پەنابەران هەر لە سەرەتای گەیشتنی پەنابەرانی سوریا، وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاری لەگەڵ ئاژانسەکانی یو ئێن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و لۆکاڵییەکان بەردەوامن لە دابینکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ منداڵانی پەنابەرە سوریەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان، جگە لەمەش رووپێو لە شوێنە جیاجیاکان کە پەنابەرانی تێیدا نیشتەجێن ئەنجامدراوە و مەبەست لەمە دیاریکردنی پێداویستی پەروەردەیی قوتابیانە، هەروەها لەو شوێنانەی کە قوتابخانەی عەرەبی نییە، قوتابخانەی تایبەت بۆ پەنابەران دروستکراوە.

بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ ڕێکخراوی یونسێف سەرچاوەیەکی دارایی باشی دابینکردووە بۆ چاپکردنی پەرتووك بۆ قۆناغی ١-٩ بنەڕەتی بۆ قوتابیانی پەنابەری سوری و ئاوارەی ناوخۆ و ڕێکخراوی یونسکۆش لە هەوڵدایە بۆ بەدەستهێنانی فەند بۆ چاپکردنی پەرتووکی خوێندن بۆ قۆناغی ئامادەیی.

لە لایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێم ئەوەی لە توانایدا بووە کردوویەتی بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەموو کەمپەکاندا بنکەیەکیان دامەزراندووە، بەڵام بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین مۆبایل تیمیان دامەزاندووە کە بەردەوامن لە کارکردن و بەدواداچونیان، هەروەها چەند سەنتەرێکی تایبەتمەند بە پرسەکانی ئافرەتان لە هەندێك کەمپ بە هاوبەشی ڕێکخراوەکان و حکومەتدا دامەزراون.

کێشەیەکی دیکە کە لە ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ جەختی خراوەتەسەر کێشەی زەوی برا مەسیحییەکان و ئەو سستیەیە کە گوایە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەیکات لە جێبەجێکردنی داخوازییەکانی برا مەسیحییەکان، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوان بەردەوام پشتگیری لە جوتیاری بەرهەمهێن دەکەن بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی چینایەتی و ئایینی و نەتەوەییەوە، چونکە بەرهەمهێنان لە ئەولەویاتی کاری وەزارەتی کشتوکاڵدایە. هەروەها بە ئەرکی خۆیان هەڵساون لە وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی برا مەسیحییەکان و هەر کێشەیەک ڕووبەڕوویان ببێتەوە سەرجەم جومگەکانی حکومەتی هەرێم دێنە سەر هێڵ بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام سەبارەت بە گلەیی هەندێکی دیکە لە برا مەسیحییەکان و دوای بەدواداچوونی داخوازییەکانیان دەرکەوتووە کە هەندێک لە داواکارییەکانیان لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان نارەوایە.

دەستەی سەربەخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هەندێک بابەتدا لە هەرێمی کوردستان سەرەوری یاسا نییە و ئەو یاسایانەی دەردەچن جێبەجێ ناکرێن، بۆ نموونە، هەندێک بەندکراو سەرەڕای دەرچوونی بڕیاری دادگا بۆ ئازادبوونیان ئازاد ناکرێن و لە بەندیخانەکاندا دەمێننەوە بەڵام لایەنە حکومییەکان ئەمە ڕەتدەکەنەوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە لیژنەیەك لەنێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری هەیە بۆ هەماهەنگی کردن لەسەر ئەو یاسایانەی کە دەردەچن و ئەوەی لە توانایاندا بێت بۆ سەروەربوونی یاسا ئەنجامی دەدەن.

کۆچی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی ئەم هەرێمە یەکێکی دیکە لە گرفتە سەرەکییەکانە و لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ئابووری و سیاسییەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت هاووڵاتیان ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کردووە بە شێوەیەکی نایاسایی، هەر بۆیە بە سەدان دانیشتووی هەرێم لەو ڕێگایەدا بوونەتە قوربانی کە تەرمی بەشێکیان گەڕێنراوەتەوە و بەشێکیان

نەتوانراوە تەرمەکانیشیان بهێنرێتەوە. لێرەدا لایەنە پەیوەندیدارەکان پێیان وایە کە دیاردەی کۆچی لاوان بۆ دەرەوەی هەرێم پەیوەندی بە بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. بێکاری و هەژاری و نالەباری باری ئابووری و ململانێ سیاسییەکانی هەرێم و شەڕ و باری نائاسایی لە ناوچەکە بەتایبەت شەڕی داعش هۆکاری سەرەکین بۆ کۆچ، هەر بۆیە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لە قۆناغی کۆتایی دایە.

هەرچی سەبارەت بە دواکەوتنی رێو شوێنەکان دادگایی کردنی تۆمەتبارانە، لایەنە پەیوەندیدارەکان هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە لە بنکەکان پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان رێکارە یاساییەکان لەلایەن لێکۆڵەرەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت کە بەپێی یاسا بۆی دیاری کردووە، بەڵام لە لایەن بەرێزان دادوەرانی لێکۆڵینەوە چارەنووسیان دیار دەکرێت لە هەمانکاتدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی دادوەرانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تەواوکردنی پەراوی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یاسایی دیاری کراو.

سەبارەت بە ئەشکەنجەدان بە هیچ شێوەیەك بەپێی یاسا و رێنماییەکان رێگە نادرێت ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس راگیراوان ئەشکەنجە بدەن لەکاتی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی دانپێدانانیان بەزۆر، هەر تۆمەتبارێك بۆی هەیە سکاڵا تۆمار بکات لە لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەتی ناوخۆ. لەلایەکی دیکەوە پشکنینی تەندروستی بۆ راگیراوان لەسەر راپۆرتەکانی پزیشکی بنکەکانی ناو بەرێوەبەرایەتی بەشی گرتن و گواستنەوەکان و لەسەر راسپاردەکانی پزیشکەکان پشکنینەکان ئەنجام دەدرێت.

سەبارەت بە کەمتەرخەمی کارمەندانی بواری تەندروستی تا ئێستا چەندین حاڵەت هەیە کە فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی بە پزیشک و کارمەند و فەرمانبەرانی دیکەشەوە سزا دراون، هەروەها هیچ پزیشکێک بۆی نییە لە کاتی دەوامی فەرمی دا لە نەخوشخانەکان نەخۆش چارەسەر نەکات ئەگەر هەر حاڵەتێکی لەم شێوەیە هەبێت ئەوا لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو پزیشکە دەکرێت و رێو شوێنی پێویست دەگیردرێتە بەر، هەروەها نابێت نەخۆش لە نەخۆشخانە گشتیەکان بنێردرێت بو نەخۆشخانەی تایبەت تەنیا لە حاڵەتێک نەبێت ئەویش کە نەخۆشەکە لەسەر رەزامەندی خۆی لە نەخۆشخانەی گشتی دەربچێت ئەو کات ئازادە وەکو هەر نەخۆشێکی دیکە چۆن بڕیار دەدات.

سەبارەت بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و هێنانی دەرمان لە دەرەوە، وەزارەتی تەندروستی پلانی تایبەت و بەرنامەی کاری هەبووە و بەردەوامیش بۆ ئەم مەبەستە کاری کردووە، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی زۆربەی پرۆژەکان وەستاون، بۆ نموونە پرۆژەی دروستکردنی (٢٠) نەخۆشخانە لە سەرتاسەری هەرێم. لەلایەکی دیکەوە دەربارەی دامەزراندنی نەخۆشخانەی ئەهلی چەند رێنماییەکی تایبەت هەیە کە پێویستە ئەو کەسەی کە دایدەمەزرێنێت بە تەواوی جێبەجێیان بکات ئینجا مۆڵەتی دامەزراندن و کردنەوەی پێ دەدرێت، چاودێری و بەدواداچون هەیە بو نەخۆشخانە تایبەتیەکان لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە، هەروەها پشکنین و بە دواداچون لەلایەن بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی شارەکانەوە بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکرێت.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە بارەی پاراستنی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت دەڵێت بە هاوکاری وەزارەتی کار و وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی باڵا پێکهاتووە بە مەبەستی پێداچوونەوە بە پشکنینی پزیشکی بۆ

دیاریکردنی ڕێژەی کەمئەندامی، لەبەرئەوەی گومان لەو ڕێژەیە هەیە کە لە پشکنینەکانی پێشتر بۆ کەم ئەندامان دیاری کرابووە، پاش تەواو بوونی ئەم پشکنینە(90) ڕۆژ دانراوە کە مووچەکانیان بۆ بگەڕێتەوە بە بڕی (150 هەزار دینار) ڕێژەی کەم ئەندامیش لە 65 % و دەست پێدەکات بۆ هەر جۆرە کەم ئەندامییەك ڕێژەیەکی بۆ دیاری کراوە.

لە ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی مەترسیدار باس لە قوربانییەکانی هاتوچۆ و ڕێگاوبانەکان کراوە، وەزارەتی ناوخۆ لە وەڵامدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە کوردستان تا ئێستا یاسای هاتووچۆی عێراقی پیادە دەکرێت، بەپێی ئامارەکانی تایبەتی بە قوربانیانی هاتوچۆ خێرایی هۆکاری سەرەکییە بۆ ڕووداوەکان کە دەگاتە نزیکەی (٦٠%)ی هۆکارەکانی قوربانیان لە ئەنجامی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، بۆیە مەبەست لە غەرامەی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل تەنیا وەرگرتنی پارە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە برا شوفێرەکان پابەند بن بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و بە هەدەر نەدانی سەروەت و سامانی وڵات.

لەلایەکی دیکەوە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئاماژە بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پاڵاوتگەی نەوت دەکات بێ ئەوەی مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان هەبێت و ئەمەش بە پێشێلکارییەکی زەق دادەنێت. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە وەڵامدا پێیان ڕاگەیاندین کە ئەم پاڵاوتگانە مۆڵەتیان نییە و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە هیچ شێوەیەک مۆڵەتی نەداوە بە هیچ لەم پاڵاوتگانە، بەڵام بە مەبەستی ڕێکخستنی چالاکییەکانی کەرتی نەوت و گاز بە باشترین شێوە کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت و لە هەمان کاتدا بۆ پارێزگاریکردن لە تەندرووستی هاووڵاتیان و پاراستنی ژینگەی هەرێم و بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتووی ئەم پاڵاوتگانە کەیسەکە خراوەتە بەردەستی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بۆ کاری پێویست.

لەم ڕاپۆرتەدا چەند زانیاری و ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەو تێبینی و ڕەخنانەی کە دەستەی ناوبراو باسی لێوە کردووە بە شێوەیەکی ورد دەخەینەڕوو و زۆرینەی ئەم زانیاریانە لە تۆڕی زانیاری لیژنەی بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت بەدەستمان گەیشتووە.

**ئازادی ڕادەر بڕین و میدیا:**

هەر تاکێکی هەرێمی کوردستان ئازادە لە ئەنجامدانی کاری میدیایی و دەربڕینی بیروڕای خۆی بە ئازادی لە چوارچێوەی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە تایبەت بەم بوارە لە هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت، بە سوود وەرگرتن لەم ئازادییە و پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان دەیان ڕۆژنامە، گۆڤار، کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵ و ئاسمانی و ڕادیۆ پەخشی خۆیان بڵاودەکەنەوە، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانیش بەپێی یاسا مافیان پارێزراوە، بەڵام ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ چەند پێشێلکارییەکی خستۆتە ڕوو کە بەرامبەر بە میدیاکاران و دەزگاکان و هەریەکە لە ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی ڕۆشنبیری وەڵامی تێبینی و سەرنجەکانی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤیان داوەتەوە.

ئەنجومەنی دادوەری ئاماژە بەوە دەکات کە هەر پێشێلکارییەك بەرامبەر ڕۆژنامەنووس یان میدیاکاران کرابێت و میدیاکار یان ڕۆژنامەنووس سکاڵای تۆمارکردبێت دژی کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو، ئەوە دادگا ئیجرائاتی پێویستی خۆی دەکات و

بەپێی یاساکان مامەڵە لەگەڵ کەیسەکە دەکات و هیچ جیاوازییەکیش لە کەیسەکان ناکات، تەنها گرنگ ئەوەیە لایەنی زەرەرمەند سکاڵای تۆمار کردبێت، ئیتر دادگا ڕێکاری پێویستی خۆی دەگرێتە بەر.

لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ساڵی ٢٠١٥ ڕێنمایی مۆڵەتی کاری وێستگەکانی رادیۆ و TV دەرکردووە. تێیدا پێناسەی کاری رۆژنامەنووس کراوە و هەر بەپێی ئەم ڕێنماییانە بە دەیان رادیۆ و تیڤی لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە. سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی میدیاکاران وەک وەزارەتی رۆشنبیری دەڵێت کار بە یاسای کاری رۆژنامەگەری ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ دەکەین و ئەم یاسایە یەکێکە لەیاسا هەرە پێشکەوتووەکانی ناوچەکە و لە هەر شوێنێک پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنوسان کرابێت، وەزارەتی رۆشنبیری بەیاننامەی دەرکردووە و ئیدانەی هەموو کردەوەیەکی توندوتیژی دژ بە رۆژنامەنوسانی کردووە هەروەها لە هەمان کاتیشدا لە دادگاکانیش پشتگیری رۆژنامەنووسانیان کردووە.

**بازرگانیکردن بە مرۆڤ:**

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە راپۆرتەکەیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە شێوەی جیا جیا بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکرێت و چەند تاوانێکی وەک نموونە بۆ زیادبوونی حاڵەتەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ خستووەتەروو، یەک لەوانەش نەبوونی یاسایەکی تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان. لە وەڵامدا ئەنجومەنی دادوەری رایگەیاندووە کە لە ئێستادا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە هەرێم کار بە یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی 1969ی سزادانی عێراقی دەکرێت و لە دەرەوەی هەرێمیش یاسای بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە 28ی ساڵی 2012 کاری پێ دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکات کە تاکو ئێستا هیچ یاسایەکی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە لە کوردستاندا نییە تەنها یاساکانی دیکە کە لە دادگاکان هەن کاریان لەسەر دەکرێ.

**رەوشی کرێکاران:**

ئەو پێشکەوتن و بوژانەوەی لە ساڵانی رابردوو لە هەرێمی کوردستان هەبوو بەر لە سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە سیاسییەی کە ئێستا هەیە، وایکرد کە ژمارەیەکی زۆری کرێکار و پیشەوەر لە بوارە جیاجیاکان لە سەرتاسەری جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی دەوربەر روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمە جگە لە کرێکارانی ناوخۆی کوردستان و ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و پەنابەرە سورییەکانن کە بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان کرێکاری دەکەن. رێکخستن و پاراستنی کرێکاران و دەستەبەر کردنی مافەکانیان وەک هەر تاکێکی هەرێم پێویستی بە دەرکردنی چەندین ڕێنمایی و یاسا هەیە لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی مافی هەموو ئەو کەسانەی روو لە هەرێم دەکەن بپارێزرێت، لای خۆیەوە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوە کردووە کە چەندین پێشێلکاری و سەرپێچی بەرامبەر کرێکارانی ناخۆی کوردستان و بیانییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن ئەنجامدراوە و لەوەڵامدا چەند دامودەزگایەکی پەیوەندیدار لەوانە ئەنجومەنی دادوەری ئاماژە بەوە دەکات کە یاسای سزاکانی عێراقی ڕێگرە لە بازرگانی کردن بە کرێکاری بیانی، ئەگەر هاتوو مافی کرێکار وەکو مرۆڤ پێشێل بکرێت ئەوە بە پێی ئەم یاسایە کە یاسای سزاکانی عێراقییە سزادەدرێت و لەلایەکی

دیکەشەوە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک یاسا و ڕێنمایی تایبەتی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکارانی ناوخۆ و بیانی و هێنانی کرێکاران بۆ هەرێمی کوردستان خستووەتەروو کە بەم شێوەیە:

**١ - کرێکارانی ناوخۆ**

- بەپێی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (39) لە ساڵی (1971) هەموارکراو بە یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2012) لەلایەن پەرلەمانی کوردستان سیستەمی خانەنشینی کرێکاران ڕێکخراوە، بەپێی یاسای کار ژمارە (71) ساڵی (1987) سیستەمی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی و کاتەکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت ڕێکخراوە، بەم پێیەش ژمارەی کرێکارانی خانەنشین کراو تا کۆتایی ساڵی (2015) گەیشتووەتە (678) کرێکار و ژمارەی ئەوانەی پاداشتی کۆتاییان وەرگرتووە تا کۆتایی ساڵی (2015) گەیشتە (3751) کرێکار.
- لە هەرێمی کوردستان لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، زاخۆ، سۆران) بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاهێنانی پیشەیی هەیە. لە هەر یەك لەم بەڕێوەبەرایەتییانە چەند وەرشەیەکی ڕاهێنانی پیشەیی هەیە کە هەڵدەستن بە کردنەوەی خولەکانی ڕاهێنان بۆ ئەو کەسانەی بێکارن و ئارەزوویان هەیە لە پەرەپێدانی تواناکانیان لە بواری فێربوونی پیشەیی. ئەو خولانەی تەنیا لە ساڵی (2015) کراونەتەوە (72) خول بوون کە (985) بەشداربوو سوودمەندبوون و ئێستاش خولەکان بەردەوامن لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان. (مەبەست لە کردنەوەی ئەم خولانە فێرکردنی لاوانە لە کاری پیشەیی و ئامادەکردنیان بۆ بازاری کار لە کەرتی تایبەت) بەشەکانیش بریتین لە (میکانیك ، ئۆتۆمبێل، کاری بینایە، سپلیت، دروومان و کۆمپیتەری).

**٢- کرێکاری بیانی**

- ڕێکاری هێنانی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێنمایی ژمارە (2) ی ساڵی (2015) کە لەلایەن وەزارەتی کار دەرچووە، بەپێی ئەم ڕێنماییە هەر کۆمپانیایەك کرێکاری بیانی بهێنێت و کاری بۆ دابین بکات کۆمەڵێك پابەندبوونی لەسەر دەبێت بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کرێکار، هەر کۆمپانیایەك پێشێلکاری لە ڕێنماییەکان بکات ئەوا لەلایەن لیژنەی بە دواداچونی کێشەی کرێکاری بیانی کە لە هەموو پارێزگاکان هەیە و دوو لیژنەی باڵاش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی بۆ دەکرێ و بەپێی یاسا لێپرسینەوەیان لێدەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستا چەندین کۆمپانیا کاریان ڕاگیراوە یاخود خراونە لیستی ڕەشەوە لەسەر پێشێل کردنی مافی کرێکاران.

**ڕێنماییەکانی هێنانی کرێکاری بیانی:**

- لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانەوە: هەر کۆمپانیایەکی (ناوخۆ و بیانی) کە لە کوردستان کار دەکەن و پێویستیان بە خزمەتگوزاری پسپۆری دەگمەن هەبێت ئەوا بۆیان هەیە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی فەرمییەوە ئاگاداری خۆیان

بڵاوبکەنەوە و ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا کەس نەهات بە دەم داواکارییەکانیانەوە ئەوا بۆی هەیە بەپێی ڕێنماییەکان لە دەرەوەی هەرێم کرێکار بهێنێ.

- لەرێگەی کۆمپانیا ڕێگەپێدراوەکانی هێنانی کرێکاری بیانی: ئەم کۆمپانیایانە مۆڵەتی کار کردنیان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەویش بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت. بەدەر لەم دوو ڕێگایە هاتنی کرێکاری بیانی بە نایاسایی ئەژمار دەکرێت و ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان دەکرێنەوە.

- هەر کۆمپانیایەک پێشێلکاری بکات بەرامبەر بە مافی کرێکاران چ خۆماڵی بێت یاخود بیانی ئەوا بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان ڕێکاری یاساییان بەرامبەر کراوە، هەر لەم بوارەوە (6) کۆمپانیا خراونەتە لیستی رەشەوە (بلاک لیست) و (18) کۆمپانیای دیکە بە شێوەیەکی فەرمی ئاگادارکراونەتەوە بۆ پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان و کەموکوڕییەکانیان چارەسەر بکەن.

- بە شێوەیەکی گشتی مافی کرێکارانی بیانی پارێزراوە، چونکە ئەوانیش یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق و ڕێساکانی وەزارەتیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان. لە پارێزگاکان یاسای دادگای کار هەیە کە تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی کێشەی کرێکارەکان چ خۆماڵی بێت یا بیانی.

**رەوشی پەروەردە:**

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکەیاندا خراپی رەوشی ئابووری و بەردەوامی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان و جێبەجێ نەکردنی پرۆژە پەروەردەییەکان وەک مەترسییەکی گەورە لەسەر بەردەوام بوونی پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان دادەنێت، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە قوتابیان و خانەوادەکانیان بیر لە جێهێشتنی قوتابخانە بکەنەوە. لایەنی پەیوەندیدار لەم بوارە بەم شێوەیە وەڵامی ئەم رەخنە و پێشێلکاریانە دەداتەوە، وەزارەتی پەروەردە پلانێکی تایبەتی داناوە بۆ ڕێگریکردن لە جێهێشتنی خوێندن و رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت، پلانەکەش بەم شێوەیە:

- ڕێکخستنی میلاکات لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی بەجێهێشتنی خوێندن بەهۆی نەبوونی مامۆستا لە هەندێک لەقوتابخانەکان.
- دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانەکان ناوی قوتابی تۆمار بکات و کەس نەگەڕێنێتەوە و توندوتیژی لەقوتابخانەکان کەم بکرێتەوە و نەمێنێت.
- پەرتووکی کۆن دابەش بکرێت و ئامۆژگاری قوتابیان بکرێت بەوەی ئاگاداری پەرتووکەکانیان بن چونکە بە هۆی ئەم قەیرانە چاپکردن ئەستەمە و پێویستیشە کە CD پرۆگرامی خوێندن دابەش بکرێت بەسەر قوتابخانە و قوتابیان.

- به بەراورد بە ساڵانی دیکە کۆبوونەوەی دایکان و باوکان زیاتر ئەنجامبدرێت.

**سەبارەت بە ژمارە و ڕێژەی دابڕان:**

- لە دوای چاکسازی سیستەمی پەروەردە و گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لە ساڵی ٢٠٠٧، حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر بەرزکردنەوە ڕێژەی خستنە بەر خوێندن و کەمکردنەوە ڕێژەی دابڕان کرد، بە جۆرێک توانیویەتی ڕێژەی دابڕان لە (ساڵی ٢٠٠٨ لە ١٤% ) بۆ (٨% لە ساڵی ٢٠١٥) کەم بکاتەوە.
- لە چەند ساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ و ڕێکخراوی یونسێف پلانێك بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی دابڕان، هەروەها ئەو منداڵانەی کە لە دەرەوەی قوتابخانەن لە سەرتاسەری عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دابڕێژێت.
- دابینکردنی خوێندن بۆ گشت قوتابیانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ڕەگەزی مێینە و ئەو منداڵانەی کە سەر بە کەمینەکی نەتەوەئین لە پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە ڕەنگی داوەتە، پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە خۆی دەبینێتەوە لە پلانی ستراتیژی نیشتمانی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کورستان و حکومەتی فیدراڵی لە ساڵی ٢٠١١ تا ٢٠٢٠ بەهاوکاری و هەماهەنگی چەند ڕێکخراو و دەزگای نێودەوڵەتی لە بواری پەروەردە وەك ڕێکخراوەکانی یونسێف، یونسکۆ، بانکی نێودەوڵەتی و.....هتد داڕێژراوە.
- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەساڵی ٢٠٠٧ بەو لاوە هەوڵی چاکسازی سیستەم و پرۆگرامەکانی پەروەردەی داوە کە چاکسازیەکانیش موژدە بەخش بوون و توانیان گۆڕانکاری و بەرەو پێشچوون لەبواری پەروەردە دا دروست بکات بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو لە نموونە دیارەکانی ئەم چاکسازیەش درێژ کردنەوەی خوێندنی بەزۆری (الزامی) بوو لە پۆلی(٦)ی بنەڕەتیەوە بۆ (٩)ی بنەڕەتی وە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی بەتایبەتی بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداری کردنی کچان بۆ بەرخوێندن بە ئامانجی گەڕاندنەوەی یەکسانی ڕێژەی بەشداری کردنی کوڕان و کچان بۆ خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغەکانی دواتردا، ئەمەش بە فراوانکردن و زیادکردنی پۆلی قوتابخانەکان و کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە کچان لە شارو لادێکان و هاندان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە پەیڕەو کردنی پرۆگرامی هۆشیارکردنەوە لەمەڕ گرینگی چونەبەر خوێندنی منداڵان بە گشتی و ڕەگەزی مێینە بەتایبەتی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.
- هەر سەبارەت بەو منداڵانەی کە لە بارودۆخی سەخت و دژواردا دەژین، هەلێکی باشیان بۆ ڕەخساوە بۆ پەیوەندی کردنیان بە خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغەکانی دیکەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥ ) ئەم ڕاستیە دەردەخات کە لێشاوی پەنابەری سوری و ئاوارەکانی ناوخۆ و عێراق بەهۆی ئەم ڕەوشە نەخوازراوەی شەڕی داعش ناوچەکانیان جێهێشت و ڕوویان کردە ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان هەلی باشیان بۆ ڕەخساوە بۆ چوونە بەر خوێندن.

**ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەک بە بارودۆخێکی ئابووری و دارایی سەختدا تێپەڕ دەبێت و لەلایەکی دیکەش لە شەڕێکی دژواردایە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش سەرەڕای ئەمەش باوەشی بۆ نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر کردۆتەوە و بە گوێرەی توانا یارمەتی داون و هاوکاری پێشکەش کردوون، هەروەها بەهۆی پرۆسە سەربازییەکان لەو ناوچەیە، بەردەوام هاووڵاتیانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش روو لە هەرێم دەکەن و لەگەڵ نزیک بوونەوەی پرۆسەی ئازاد کردنی شاری موسڵ پێشبینی دەکرێت بە سەدان هەزار هاووڵاتی دیکە لە موسڵ و دەوروبەری ئاوارە ببن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی ئیتیحادی وەکو پێویست هاوکاری هەرێم ناکات لە بواری ئاوارە و راگوێزرانەوە.
زۆر جار لایەنە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ تێبینی و سەرنجیان هەبووە دەربارەی مامەڵەکردنی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە ئاوارە و پەنابەران بەتایبەتی لە بواری ئاسایش و رێکخستنی کەمپەکانەوە و پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لە کەمپەکان، لێرەدا وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پەروەردە و ئەنجومەنی باڵای خانمان وەڵامی راپۆرتی دەستەی سەربەخۆ دەدەنەوە و بەشێک لەو تۆمەتانە رەتدەکەنەوە کە دراوەتە پاڵ حکومەتی هەرێم.
وەزارەتی ناوخۆ رایگەیاند وەک لە خێمەی ئاوارە و پەنابەران دیارە بەشێکی زۆریان لە هەموو کەمپەکان بە هۆکاری گەرمای هاوین و سەرمای زستان کۆن و رزیون و زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی لێزمەی بەهێزی باران و رەشەباوە بۆیە پێویستیان بە گۆڕین هەیە .
(15776) یەکە کە دەکاتە نزیکەی (٨١%)یەکەی نیشتەجێ بوون و دەستشۆر و چێشتخانە لە کەمپی پەنابەران لە جۆری خانوو درووستکراون کە پێکهاتوون لە یەك یان دوو ژوو و ساندویچ پانێل وەکو کەمپەکانی (دارە شەکران و باسرمە و قوشتەپە و کەورگۆسك و قەڵای ئاکرێ و دۆمیز یەك و دۆمیز دوو و گەویلان و عەرەبەت)، ئەگەر کۆمەکی پێویست بەردەست بێت تا کۆتایی ئەم ساڵ هەموو یەکەکان درووست دەکرێن.

لەبەر ئەوەی شەپۆلی هاتنی ئاوارەکان زۆر بوون و بەلێشاو و لە ناکاو بوو، نەتوانرا جگە لە خێمە هیچ شوێنی نیشتەجێکردنی دیکە وەک خانوو بۆ ئاوارەکان دابین بکرێت، بۆیە بەشێکی زۆری شوێنی نیشتەجێی ئاوارە و پەنابەران لە جۆری خێمەن، بەڵام هەموویان لەو ئاستە خراپە نین کە بەکەڵکی ژیان نەیەن، لە کەمپەکان بەردەوام ئەو خێمانەی خراپبوون دەگۆڕدرێن، نەبوونی بودجەی پێویست هۆکارێکی سەرەکییە کە ناتوانرێت خێمەکان بکرێنە خانوو. سەرەڕای ئەمەش ئەگەر دیراسەیەکی وورد بکرێت لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو حاڵەتەکانی دڕان و سووتانی خێمەکان بەروارد بە کۆی گشتی خێمەکان و ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەنابەران کەم بوون.

قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان، لە پارێزگای سلێمانی ئەم کاریگەرییە زیاتر دەرکەوتووە، نەك بۆ ئاوارە و پەنابەران بەڵکو بۆ هاووڵاتیانی شارەکەش، زۆرێك لە قەزاو ناحیە و گەڕەکەکانی شاری سلێمانی کێشەی کەمی ئاویان هەیە. ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاوارە و پەنابەرانیش هەبووە

بۆیە دەبینین لە کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران لە سنوری پارێزگای سلێمانی لەشەو و رۆژێکدا تەنها 28 لیتر ئاو بۆ هەر کەسێك دابیندەکرێت، ئەمەش برێکی زۆر کەمە و بەشی پێویستی هەر مرۆڤێك ناکات بۆ خۆشتن و خواردنەوە و بەکارهێنان، سەرەڕای ئەمەش حکومەتی هەرێم ئەوەی لە توانایدا بووە کردوویەتی، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە ناتوانێت بەردەوام بێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی پێویست بەتایبەتی لە کەمپەکان. بۆیە پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆمەکی دارایی راستەوخۆ پیشکەش بە حکومەتی هەرێم بکات بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پێداویستی مرۆیی و باشترکردن و زیادکردنی خزمەتگوزاری ئاو و خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی کەمپی ئاوارە و پەنابەران جیاوازە، پێویستە وردبین و جیاوازی بکەین لە نێوانیان. ئەگەر بە بەرنامە کار بکرێ بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و حکومەتی عێراق هاوکار بێت لەم ڕووەوە ئەوا بارودۆخی ئەو ئاوارانەی کە دەمێننەوە زۆر باشتر دەبێ و دەتوانرێ زۆرترین خزمەتگوزارییان پێ بگات لە رووی تەندروستی ، پەروەردە، نیشتەجێبوون، ئاو و پاککردنەوە، خزمەتگوزارییەکانی دیکەش بەڵام تاکو ئێستا گرنگیدان بە گەڕاندنەوەیان لە لایەن حکومەتی عێراق و حکومەتە خۆجێییەکانیان وەکو پێویست و لە ئاست گەورەیی قەیرانەکە نییە.

لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە ڕەوشی پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت لە دوای تێکچوونی رەوشی سیاسی و ئەمنی لە سوریا، ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەرانی سوریا روویان لە هەرێمی کوردستان کرد. لەسەرەتادا لە پارێزگای دهۆك دەستکرا بە دروستکردنی کەمپی دۆمیز لە ساڵی ٢٠١٢، پاش زیادبوونی ژمارەی پەنابەران لە شارەکانی دیکەی هەرێم وەک هەولێر و سلێمانی کەمپی تایبەت بە پەنابەرانی سوریا دروستکرا. ئێستا لە شاری دهۆك چوار کەمپ (دۆمیز 1، دۆمیز 2، ئاکرێ، گەویلان) ، لە هەولێر (٥) کەمپ (دارەشەکران، کەورگۆسك، باسرمە، قوشتەپە، بەحرکە) و لە سلێمانی دوو کەمپ (بازیان و عەربەت) دروستکراون کە تایبەتن بە پەنابەرە سووریەکان.
لە سەرەتای گەیشتنی پەنابەرانی سوریا، وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاری لەگەڵ ئاژانسەکانی یو ئێن و رێکخراوە نێودەوڵەتیو لۆکاڵییەکان بەردەوامن لە دابینکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ منداڵانی پەنابەرە سوریەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپ لەگەڵ ئەمەشدا، وەزارەتی پەروەردە هەمیشە جەخت دەکاتەوە لەسەر پرەنسیپی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان کە "خوێندن بۆ هەمووانە" بەبێ جیاوازی رەگەزو ئایین و نەتەوە. دوای ئەمەش لەلایەن رێکخراوی یونسێف بەهەماهەنگی لەگەڵ یونیسکۆ و ڕێکخراوی (UNHCR) لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ بانگەواز بۆ "هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە" کرا تاکو ئەو منداڵانەی لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین دەرفەتیان پێ بدرێت و بچن خۆیان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا خۆیان ناونووس بکەنو دەست بە خوێندن بکەن.
هەرچەندە زمانی خوێندن لە هەرێمی کودستان کوردییە و ژمارەیەکی دیاریکراو قوتابخانە هەیە کە خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بێت، بەڵام وەزارەتی پەروەردە ئامادەباشی خۆی بە تەواوی پیشانداوە بە کردنەوەی پۆلی تایبەت بۆ قوتابییە پەنابەرە سوررییەکان تاکو بە زمانی عەرەبی بخوێنن یان باشترکردنی توانای قوتابخانە عەرەبییەکان تاوەکو بتوانن ژمارەی زیاتر لە قوتابیان وەربگرن. جگە لەمەش رووپێو لە شوێنە جیاجیاکان کە پەنابەرانی تێیدا نیشتەجێن

ئەنجامدراوە و مەبەست لەمە دیاریکردنی پێداویستی پەروەردەیی قوتابیانە، هەروەها لەو شوێنانەی کە قوتابخانەی عەرەبی نییە، قوتابخانەی تایبەت بۆ پەنابەران دروستکراوە.

سەرەڕای ئەمانەش لە ساڵی خوێندنی٢٠١٢-٢٠١٣ وەزارەتی پەروەردە مامۆستای پەنابەری سوری بۆ قوتابیانی سوری بە شێوەی گرێبەست دامەزراندووە، هەروەها دابینکردنی پەرتوکی خوێندن لەگەڵ پێداویستییەکانی قوتابخانە وەکو دۆڵاب و رحلە و کورسی بەپێی پێویست گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو ٢٠١٦–٢٠١٧ لەوانەیە نەتوانرێ گرێبەستی مامۆستایان نوێ بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستەش داوامان لە ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە کردووە کە بە گوێرەی توانای دارایی ڕێکخراوەکەیان بتوانن هاوکاری دارایی بۆ مامۆستایانی پەنابەری سوری دابین بکەن.

هەروەها چاپکردنی پەرتووك بۆ کەمپەکان ئەرکێکی قورس بوو، بۆیە وەزارەتی پەروەردە لە مانگی تەمموزی ئەمساڵ (2016) کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ رێکخراوە پەیوەندیدارەکان ئەنجامدا و داوای لێکردن رێگا چارەیەك بدۆزرێتەوە، هەروەها فەند دابین بکرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی قوتابیانی پەنابەر لە رووی یارمەتی دارایی بۆ مامۆستایان و پێداویستیەکانی پەروەردەیی و چاپکردنی پەرتووکی خوێندن بۆ پەنابەرە سورییەکان. لەم رووەوە چەند ڕێکخراوێکی سەر بە گرووپی پەروەردەیی (Education cluster group ) بەڵێنیان داوە بودجەیەکی خەمڵێنراو ئامادەبکەن بۆ پێدانی یارمەتی دارایی مامۆستایانی سوری، چاپکردنی پەرتووك، دابینکردنی پێداویستی وەکو رحلە، مێز، کورسی و...هتد.

لە پاڵ ئەو برە پارەیەی کە وەکو یارمەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا پێشکەشی زیاتر لە (١٠٠٠) مامۆستای پەنابەری سوری کراوە، بە سوپاسەوە چەند رێکخراوێک یارمەتییان بۆ مامۆستا پەنابەرە سوریەکان دابین کرد لەوانە ڕێکخراوی یونسێف بۆ زیاتر لە (٤٠٠) مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی و ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ (٧١) مامۆستای قۆناغی دواناوەندی و ڕێکخراوی (IRC) بۆ نزیکەی (٦٤) مامۆستا.

بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ رێکخراوی یونسێف سەرچاوەیەکی دارایی باشی دابینکردووە بۆ چاپکردنی پەرتووك بۆ قۆناغی ١-٩ بنەڕەتی بۆ قوتابیانی پەنابەری سوری و ئاوارەی ناوخۆ لە هەوڵدایە بۆ بەدەستهێنانی فەند بۆ چاپکردنی پەرتووکی خوێندن بۆ قۆناغی ئامادەیی. لەگەڵ ئەمەشدا رێکخراوی یونسێف یارمەتی وەزارەت دەدات لە رووی داراییەوە بۆ ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەی پۆلی ٩ بنەڕەتی کە بڕیارە لە کەمپەکان ئەنجام بدرێت.

هەر بەمەبەستی بەدواداچوونو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەرووومان دەبێتەوە لە دابینکردنی خوێندن و پێداویستییەکان بۆ منداڵانی ئاوارە سورییەکان، لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەتی پەروەردە بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی

پلانی پەروەردەیی، هەروەها لیژنەیەك لەسەر ئاستی پارێزگاكان بە سەرۆكایەتی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەكان لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی دروستكراوە.

لەسەر ئاستی وەزارتی پەروەردە فۆكاڵ پۆینت بۆ پەروەردە لەكاتی تەنگەتاوی دەستنیشان كراوە كە بەڕێوەبەری بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی، لەسەر ئاستی پارێزگاكان بەڕێوەبەری پلاندانان فۆكاڵ پۆینتن بۆ هەمان مەبەست. لەگەڵ ئەمەشدا، گرووپی پەروەردەیی كە پێكهاتووە لە چەندین ئاژانسی یوئێن و ڕێكخراوی نێودەوڵەتی و ناوخۆ، هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە لە ئاستی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاكان، لەسەر ئاستی پارێزگاكان، لەسەر ئاستی هەرێمدا كە هەردوو هەفتەیەك جارێك بە جیا كۆدەبنەوە بۆ تاوتوێكردنی پێداویستی و بەربەستەكان و كاركردنی گشت لایەنەكان بەیەكەوە دووركەوتنەوە لە جێبەجێ كردنی پرۆژەی دووبارە یاخود كاركردن بۆ یەك مەبەست لە یەك ناوچەدا.

**كێشەو بەربەستەكانی بەردەم وەزارەتی پەروەردە بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكانی سەبارەت بە پەنابەران بریتین لە:**

- كەمی بینا و كەمی توانای قوتابخانەكان بۆ وەرگرتنی ژمارەیەكی زیاتر لە قوتابی پەنابەر لە قوتابخانەكانی ناو شار.
- نەبوونی بوودجەیەكی تەواو بۆ دابینكردنی برە پارەی هاوكاری بۆ مامۆستایانی پەنابەری سوری.
- جۆرییەتی پەروەردە و خوێندن بەتایبەتی لە كەمپەكان بەپێی پێویست. مامۆستایان پێویستیان بە خولی بەهێزكردن هەیە تاوەكو بتوانن وانەكان بە دروست و بە باشی بگەیەننە قوتابیان.
- كێشەی نەبوونی بودجەیەكی تایبەت بۆ دابینكردنی پێداویستی پەروەردەیی قوتابیانی پەنابەر چ لەسەر ئاستی وەزارەت یاخود حكومەتی هەرێمی هەروەها لەسەر ئاستی رێكخراوەكان.

**ژمارەی قوتابییە ئاوارە و پەنابەرەكان لە هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی خوێندنی 2015 - 2016**

**پارێزگای دهۆک:**

- باخچەی ساوایان (١٢٨) منداڵ لە هەردوو رەگەز و (١٢) مامۆستا و (٧) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.
- قۆناغی سەرەتایی (5700) قوتابی لە هەردوو رەگەز، (199) مامۆستا و (33) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.
- قۆناغی ناوەندی (1565) قوتابی لە هەردوو رەگەز، (٣٦) مامۆستا و (١١) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.
- قۆناغی ئامادەیی (1205) قوتابی لە هەردوو رەگەز و (52) مامۆستا و (28) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.

**پارێزگای هەولێر :**

- قۆناغی سەرەتایی (٦٤٢٢٤)  قوتابی لە هەردوو رەگەز، (٧٣٨٢)مامۆستا و (٦٨٩) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.
- قۆناغی ناوەندی (24099) قوتابی لە هەردوو رەگەز.
- قۆناغی ئامادەیی (15907) قوتابی لە هەردوو رەگەز  و (3893) مامۆستا و (٤٠٣) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.
- خوێندنی پیشەیی (538) قوتابی لە هەردوو رەگەز و (٢٠٧) مامۆستا و(٢٦) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.

**پارێزگای سلێمانی:**

- قۆناغی سەرەتایی (٢٨٥٩٤) قوتابی لە هەردوو رەگەز
- قۆناغی ناوەندی (٣٨٣٩) قوتابی لە هەردوو رەگەز
- قۆناغی ئامادەیی ( 7217) قوتابی لە هەردوو رەگەز

**ئیدارەی گەرمیان**

- قۆناغی سەرەتایی (5991) قوتابی لە هەردوو رەگەز
- قۆناغی ئامادەیی ( 7217) قوتابی لە هەردوو رەگەز

**ژمارەی قوتابیان و مامۆستا و فەرمانبەر و فەرمانبەری خزمەتگوزاری (پەنابەرانی رۆژئاوا)**

**پارێزگای دهۆک:**

- باخچەی ساوایان (3) منداڵ.
- قۆناغی بنەڕەتی  (١٠٥٣٩) قوتابی لە هەردوو رەگەز، (230) مامۆستا و  (47) فەرمانبەر و خزمەتگوزار .
- قۆناغی ئامادەیی  (٦١٩) قوتابی لە هەردوو رەگەز، (30) مامۆستا و  (4) فەرمانبەر و خزمەتگوزار .

**پارێزگای هەولێر:**

- قۆناغی بنەڕەتی  (817) منداڵ لە هەردوو رەگەز، (202) مامۆستا و  (٧) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.
- قۆناغی ئامادەیی  (926) قوتابی لە هەردوو رەگەز، (82) مامۆستا و  (٤) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.

**پارێزگای سلێمانی:**

- قۆناغی بنەڕەتی (1526) قوتابی لە هەردوو رەگەز، (45) مامۆستا و (20) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.
- قۆناغی ئامادەیی (496) قوتابی لە هەردوو رەگەز، (30) مامۆستا و (2) فەرمانبەر و خزمەتگوزار.

لەم بارودۆخەدا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و وەزارەتی پەروەردە بەتایبەتی قورستر بوو، بەڵام دەستەوەستان نەبوون، بەڵکو هەستان بە کردنەوەی قوتابخانە بۆ قوتابیانی ئاوارە بەبێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی نەتەوەیی وەك قوتابیانی خۆماڵی تواندرا جێگەیان بکرێتەوە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، ئەویش بە کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە ئاوارەکانی ناوخۆ و دەرەکی و دامەزراندنی مامۆستا بۆ قوتابیانی پەنابەری سوری بە هاوکاری و هەماهەنگی چەند ڕێکخراو و دەزگای نێودەوڵەتی سەرەڕای هەبوونی چەند کێشەیەکی سیاسی و کارگێڕی و دارایی وەك نەبوونی بودجە و کێشەی کەمی بینای قوتابخانە و نەبوونی مامۆستای پێویست.... هتد.

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان سەبارەت بە رەوشی ئافرەتان لە کەمپەکانی ئاوارەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەپەیوەندیدارەکان چەند هەنگاوێکی ناوە لەوانە لە ڕێگای پرۆتۆکۆلی بڕیاری (1325) ڕووبەرووی ئەو توندوتیژیانە دەبێتەوە کە لە کەمپی ئاوارەکان بەرامبەر بە ئافرەتان ئەنجامدەدرێن و وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەموو کەمپەکاندا بنکەیەکیان دامەزراندووە، بەڵام بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین مۆبایل تیمیان دامەزاندووە کە بەردەوام لە کارکردن و بەدواداچوندان، هەروەها چەند سەنتەرێکی تایبەتمەند بە پرسەکانی ئافرەتان لە هەندێك کەمپ بە هاوبەشی رێکخراوەکان و حکومەتدا دامەزراون.

سەبارەت بە بچووکی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکانی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە سەرەتاوە هەموو کەمپەکان بە شێوەیەکی کاتی بۆ ئاوارە و پەنابەران دروست دەکرێن و دواتر بە چەند قۆناغێک دەکرێنە کەمپی هەمیشەیی و ئەوەی پێویست بێت لە کەل و پەلە سەرەتاییەکان بۆیان دابین دەکرێت، بەڵام ئەم کێشەیەی کە لە ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ باسی لەسەر کراوە تایبەتە بەو کەمپانەی کە بە شێوەی کاتی دروستکراون و هێشتا نەکراونەتە کەمپی هەمیشەیی. ئەگەر بێت و ئەم کەمپانە بکرێنە کەمپی هەمیشەیی ئەوە ئەم کێشەیە نامێنێت و هەر خێزانێک بەپێی ستاندارد شوێنێکی بۆ دابین دەکرێت کە رووبەرەکەی نزیکەی 115 مەتر دووجا دەبێت و هەموو کەلوپەل و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیشیان بۆ دابین دەکەن.

سەبارەت بە رەوشی تەندروستی، وەزارەتی تەندروستی لە سەرجەم کەمپەکان لە ڕێگای کردنەوەی بنکەی تەندروستی هەموو خزمەتگوزاریەکی پێویست لە خوپارێزی و چارەسەرکردن پیشکەش دەکات، بۆ ئەو حاڵەتانەی کە لە بنکە تەندروستییەکان چارەسەر ناکرێن ئەمبولانس دابین کراوە بۆ رەوانە کردنی نەخۆش بو نەخۆشخانەکانی ناو شارەکان و تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی کۆلێرا لەمساڵدا تۆمار نەکراوە، هەروەها هیچ نەخۆشییەک وەک بڵاوبونەوە بەمانای پەتا بڵاونەبوتەوە، بەڵام چەند نەخۆشییەک هەیە پێشبینی کراوە و تومار کراوە وەک نەخۆشییەکانی (سکچوونی توند ـ هەو کردنی کۆئەندامی سەر و

هەستەوەری ـ نەخۆشی پێست). سەبارەت بە دابین کردنی خواردن و خواردنەوە بۆ کەمپی ئاوارە و پەنابەران ئەم کارە لە چوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارتی تەندروستی نییە.

**دەست بەسەرداگرتنی زەوی کشتوکاڵی هاووڵاتیانی کریستیان:**

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ باس لەوە دەکات کە لەلایەن خەڵکی چەند گوندێکی سەر بە پارێزگای دهۆکەوە دەست بە سەر چەند زەوییەکی برا کریسیتیانەکاندا گیراوە و رێگایان لێگیراوە زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بۆخۆیان بەکار بهێنن و ئەمەش بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و گیانی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی ناوچەکە دەزانن، ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی کشتوکاڵ بە روونی راستی ئەم کێشەیە دەخەنە ڕوو.

ئەنجومەنی دادوەری سەبارەت بە کەیسی زەوی و زاری نێوان ژمارەیەك هاووڵاتی مەسیحی و موسڵمان لە دەڤەری ئاکرێ، لە دادگای سەرسنگ داواکاری لەسەر ئەو کەیسە تۆمار کراوە و لە رۆژی 8/31 رۆژی دادبینی ئەو کەیسە بوو و هێشتا بڕیاری کۆتایی دەرنەچووە، چونکە دادگا دوای کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست و ئەنجامدانی پرۆسەی کەشف بۆ ئەو زەوی و زارانە بڕیار دەردەکات و هێشتا بڕیاری کۆتایی دەرنەچووە و کێشەکەش لەنێوان هەشت کەسە کە پێنجیان موسڵمانن و سێیان مەسیحین.

سەبارەت بە کێشەی زەوی برا مەسیحییەکان و ئەو سستیەی گوایە وەزارەتی کشتوکاڵ بەگشتی و سەرچاوەکانی ئاو بەتایبەت دەیکات لە جێبەجێکردنی داخوازییەکانی برا مەسیحییەکان وەزارەتی کشتوکاڵ رایگەیاند:

1- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەردەوام پشتگیری لە جوتیاری بەرهەمهێن دەکات بەبێ رەچاو کردنی جیاوازی چینایەتی و ئایینی و نەتەوەییەوە، چونکە بەرهەمهێنان لە ئەولەویاتی کاری وەزارەتی کشتوکاڵدایە.

2- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە زیادەوە بە ئەرکی خۆیان هەڵساون لە وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی برا مەسیحییەکان و هەر کێشەیەک رووبەروویان ببێتەوە سەرجەم کایە و جومگەکانی حکومەتی هەرێم دێنە سەر هێڵ بۆ چارەسەرکردنی، بۆ نموونە هاووڵاتیانی گوندی باکورمان لە سنووری پارێزگای دهۆک دەیانویست خانوو لەسەر زەوی گوندێکی مەسیحی نشین لە نزیک خانووی خۆیان درووست بکەن، بەڵام راستەوخۆ بەڕێز پارێزگاری دهۆک و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە دهۆک ئەم کارەیان وەستاند.

3- لە سەردەمی رژێمی بەعس واتە پێش راپەرین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک پێشێلکاری بەرامبەر بە برا مەسیحییەکان کراوە وەک سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان، گێڕانەوەی مافی ئەم هاووڵاتیانە هەندێک جار ئەستەم دەبێت بەتایبەتی کە مافی خەڵکی دیکە بۆ ماوەیەکی لەسەری جێگیر بێت کە خەڵکی نیاز پاک بن، بۆ نموونە کۆمەڵگایەک لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەر زەوی گوندی (گاڤانا) لە دهۆک کە زەوی برا مەسیحییەکان بووە درووستکراوە بۆ راگواستنی خەڵکی بە شەرەفی چۆمان (لەوانەیە نیازی رژێمی بەعس لەم کارە پاک نەبێت و بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە لە نێوان موسڵمان و

مەسیحییەکان بێت بۆیە کۆمەڵگای بۆ موسڵمانان لەسەر زەوی برا مەسیحییەکان دروووستکردووە)، بە هەمان شێوە دەیان کۆمەڵگای دیکەی لەسەر زەوی موسڵمانەکان دروووستکرد، لە دوای راپەرین و لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم توانای دارایی نەبوو ئەم هەموو کۆمەڵگایانە بڕووخێنێت و قەرەبووی دانیشتووانەکانی بکاتەوە، بۆیە ئەم کۆمەڵگایانە بوونەتە ئەمری واقع.

4- سەبارەت بە گلەیی هەندێکی دیکە لە برا مەسیحییەکان و دوای بەدواداچوونی داخوازییەکانیان دەرکەوتووە کە هەندێک لە داواکارییەکانیان نارەوایە لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان، گرنگترین ئامرازی چەسپاندنی دادپەروەریش هەر یاسایە و ئەو مافەی کە بە یاسا بۆ برا مەسیحییەکان دیاریکراوە پێیان دراوە. چەندین جوتیار مەسیحی ئێستا لە هەرێمی کوردستان شاهیدی ئەو راستییەن و دوای بەدواداچوونمان دەرکەوت کە ئەوەی گلەیی لەسەر هەیە چەند گوندێکن، بۆ نموونە گوندی (شکەڤدلی) لە ناحیەی (باتێل) دەهێنینەوە کە راستی داخوازییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- لە ساڵی ١٩٧٤ تەنیا (٢٣) جوتیار لەم گوندە بەپێی یاسا زەوییان پێدراوە بە گرێبەست کە (٢١) مەسیحی و (٢) موسڵمان بووینە و دوای ساڵی 1974 ئەو گوندە کاول کراوە و خەڵکەکە کۆچیان کردووە و زۆربەی برا مەسیحییەکان روویان لە بەغدا کردووە و نەگەڕاونەتەوە.

ب- لە ساڵی ١٩٩٢ دوای راپەرین رێنمایی تایبەت بەو گوندانەی کاول کراون دەرچوو کە بە رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی 1992 ناسراوە و تیایدا هاتووە: زەوی بدرێتە ئەو جوتیارانەی پێش کاولکردن لە گوند زەویان لەبەر دەستدا بووە بەو مەرجەی ئامادە بێت لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە و لە ساڵی ١٩٩٦ لیژنە لەم گوندە دەست بەکاربووە و ئەو جوتیارانەی ئامادە بوون زەوییان پێدراوە لە مەسیحی و موسڵمان، بەڵام لە کاتی دابەشکردنی زەوییەکاندا هەندێک زەوی زیادی کردووە لەبەر ئەوەی ژمارەیەک لە مەسیحی و موسڵمانەکان لەبەردەم لیژنە ئامادە نەبوونە، ئەوا زەوییەکان دراوەتە ئەوانەی ئامادە بوون لەبەردەم لیژنە، لە ئەنجامدا (٣٦) کەس لەو جوتیارانە پێشتر کاری جوتیارییان کردووە رۆڵەکانیان زەوییان پێدراوە.

ت- ئەوانەی گلەییان هەیە هەر لە بەغدا ماونەتەوە و ئامادە نەبوونە بێنە بەردەم لیژنە بۆ وەرگرتنی مافەکانیان، بۆیە بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی زەوی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان تا ئێستاش کاری پێدەکرێت، هەر جوتیارێک لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی بانگەواز ئامادە نەبێت لەبەردەم لیژنە بۆ وەرگرتنی زەوی بەبێ هۆکارێکی رەوا مافی نامێنێ، بەڵام ئەم برا مەسیحیانە لەو ماوە دیاریکراوە کە (٣٠) رۆژ بوو ئامادە نەبوون بەڵکو ماوەی (٧) ساڵ تێپەڕی لەسەر بڕیاری لیژنەی کشتوکاڵ واتە لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن ئینجا هاتنەوە کوردستان و داوای مافی خۆیان دەکەن لەو زەویانە، بەڵام بە هیچ یاسایەک ئەو مافەیان ناکەوێت، هەمان شت لە گوندەکانی دیکەش روویداوە.

ث- سەرباری ئەم راستییە کەچی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە روانگەی رێزگرتن لە نەتەوەکانی دیکە بێجگە لە کورد بەتایبەتی برا مەسیحییەکان کە لە دێرزەمانەوە لەم خاکەدا ژیاون و خاکی خۆیانە وەک هەر کوردێک، بۆیە

لیژنەیەکی بۆ داواکاری ئەم برا مەسیحیانە پێکهێنا و ئێستا لیژنەکە گەیشتۆتە دوایین قۆناغی کارەکانی و پێشنیاریان پێشکەش کردووە کە وەک حاڵەتێکی بەدەر لە یاسا (استثناء من القانون) زەوی ئەم برا مەسیحیانە بۆیان بگەڕێتەوە و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەژێر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرۆکی هەرێم پشتگیری لە پێشنیارەکە کردووە و داوا لە ئیدارەی پارێزگای دهۆک کراوە کە جێبەجێی بکات، بەڵام بەپێی ئەم پێشنیارە (١٣) جوتیاری دیکە لە مەسیحی و موسڵمانەکان زەرەرمەند دەبن لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٦ زەوییەکانیان وەرگرتووە و ماوەی (٢٠) ساڵە لەبەردەستیاندایە و بەکاری دەهێنن، دیارە هەر مافێک بە یاسا بدرێت و دوای ئەو ماوە زۆرە ئینجا دووبارە لێی وەربگیرێتەوە پێویستی بە کات و قەناعەت پێهێنان دەبێت تا تەقەبول بکرێت.

**سەروەری یاسا:**

سەروەری یاسا بنەمایەکی بەهێزە بۆ بوونی متمانە و یەکسانی لە مافەکان و بەشدارێکی بەهێزە لە پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەگەر پێچەوانە بێت و لە وڵاتێکدا یاسا سەروەر نەبێت ئەوە متمانە نامێنیت و دەسەڵات بە ناڕەوا بەکاردێت. دەستەی سەربەخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هەندێک بابەتدا لە هەرێمی کوردستان سەرەوری یاسا نییە و ئەو یاسایانەی دەردەچن جێبەجێ ناکرێن، بۆ نموونە، هەندێک بەندکراو سەرەڕای دەرچوونی بڕیاری دادگا بۆ ئازادبوونیان ئازاد ناکرێن و لە بەندیخانەکاندا دەمێننەوە بەڵام لایەنە حکومییەکان ئەمە رەتدەکەنەوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە لیژنەیەك لەنێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری هەیە بۆ هەماهەنگی کردن لەسەر ئەو یاسایانەی کە دەردەچن و ئەوەی لە تونایاندا بێت بۆ سەروەربوونی یاسا ئەنجامی دەدەن.

ئەنجومەنی دادوەری باسی لەوە کردووە کە لیژنەیەك لەنێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری هەیە بۆ هەماهەنگی کردن لەسەر ئەو یاسایانەی کە دەردەچن یان پێویستیان بە هەماهەنگی هەیە بۆ پێداچوونەوە یان گۆڕانکاری یان هەر دەستکارییەك کە پێویستی بە پسپۆڕێتی هەیە. ئەنجومەنی دادوەری و دادگاکان، لایەنی جێبەجێ کردنی یاساکان نین بەڵکو لایەنی جێبەجێکار، دەسەڵاتی جێبەجێکردنە کە خۆی لە حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ و هێزی پۆلیس دەبینێتەو، واتا دادگا کە حوکم یان بڕیار دەردەکات، ئەوە لایەنی جێبەجێکارە کە حوکمەکە جێبەجێ دەکات و میکانیزمەکانی جێبەجێ کردن لەلای ئەنجومەنی دادوەری نییە، هەروەها ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و داواکاری گشتیە لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگا بپرسێتەوە.

**کۆچکردنی نایاسایی:**

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ئابووری و  سیاسییەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت هاووڵاتیان روویان لە دەرەوەی وڵات کردووە بە شێوەیەکی نایاسایی، هەر بۆیە بە سەدان دانیشتووی هەرێم لەو رێگایەدا بوونەتە قوربانی کە تەرمی بەشێکیان گەڕێنراوەتەوە و بەشێکیان نەتوانراوە نتەرمەکانیشیان بهێنرێتەوە، چونکە نەدۆزراوەتەوە یاخود لایەنە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە بیانهێننەوە. ئەو مەرگەسات و ئاستەنگانەی کە رووبەروویان دەبێتەوە و ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەریان روودەدات لە رێگای گەیشتن بە ئەوروپا یەکێکە لەو بابەتانەی کە بە گرنگییەوە لە راپۆرتەکەدا باسی لێوەکراوە.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێی وایە کە دیاردەی کۆچی لاوان بۆ دەرەوەی هەرێم ئەم بابەتە پەیوەندی بە بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. بێکاری و هەژاری و نالەباری باری ئابووری و ململانێ سیاسییەکانی هەرێم و شەڕ و باری نائاسایی لە ناوچەکە بەتایبەت شەڕی داعش هۆکاری سەرەکین بۆ کۆچ، ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لە قۆناغی کۆتایی دایە.

**ڕەوشی گرتووخانەکان و بنکەکانی گرتن و گواستنەوەی پۆلیس و ئاسایش:**

ڕەوشی ڕاگیراوان لە گرتووخانەکان، شوێنی ڕاگیراوان و هێشتنەوەی ڕاگیراوان بۆ ماوەیەکی زۆر بەر لە دادگایی کردنیان، بوونی ئەشکەنجەدان لە بنکەکانی ڕاگرتن و بەندیخانەکان ئەو بابەتانەن کە هەمیشە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ جەختی لەسەر دەکەنەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ئەنجومەنی دادوەری، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر، سەبارەت بەم بابەتە تێبینییەکانی خۆیان دەخەنەروو.

ئەنجومەنی دادوەری سەبارەت بە سیستمی لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها پۆلیس لێکۆڵینەوە ئەنجام نادات بەڵکو بەپێچەوانەوە لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە هەموو بنکەکانی پۆلیس وەك فەرمانگەیەك کار دەکات کە لە چەندین لێکۆڵەری دادوەری بە توانا پێکهاتووە و لێکۆڵینەوەی زانستی و چڕ و پڕ ئەنجام دەدەن و زۆربەی کاتەکانیش دادوەری لێکۆڵینەوە بە پشت بەستن بە وتە و ئیفادەکانی لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە پەراوی لێکۆڵینەوە بڕیار دەردەکات.

سەبارەت بە جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدانی تاوانباران، وەزارەتی ناوخۆ چەند کەیسێکی تایبەت جوڵاندووە بۆ نموونە سێ تاوانبار بە ناوەکانی (فەرهاد جەعفەر مەحمود، خونچە حەسەن ئیسماعیل، بێریڤان حەیدر کەریم) ئەم تاوانبارانە لەرێکەوتی 2013/3/24 تاوانێکی قێزەوەنیان ئەنجامدا کە بریتی بووە لە ڕفاندنی کچێکی تەمەن (10) ساڵانە بەناوی (هاڤین رێبر ملك یوسف) و دواتر کوشتنی بەشێوەیەکی دڕندانە، بۆیە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی سزای لە سێدارەدانیان بۆدەرکرا و بەفەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (121) ی ساڵی (2015) حکومی لەسێدارەدانیان پەسەند کراوە.

سەبارەت بەمردنی سزادراوان لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ سلێمانی بەهۆی نەخۆشی لە ساڵی 2015، وەک ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ رێکارە یاساییەکان سەبارەت بەم کەیسە بەپێی یاسا ئەنجام دراوە لەبنکەی پۆلیسی تاسلۆجە و پەراوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە.

بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسی خۆ کوشتنی سزادراوێک لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/ هەولێر، ئەم ڕووداوە لەساڵی 2016 بووە، بەپێی یاسا رێکارە یاساییەکان پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە بەپێی شوێنی جوگرافی تاوانەکە واتە لە هەمان بنکەی پۆلیس کە ڕووداوی خۆکوشتنەکەی تێدا ئەنجام دراوە.

سەبارەت بەگواستنەوەی نەخۆشیە گوازراوەکان لەنێو سزادراوان گشت ئەو کەیسانەی پەیوەندییان بە سزادراوەکانەوە هەیە سەر بە بەرێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانن: بەشێوەیەکی گشتی لە بەشەکانی گرتن و گواستنەوەی لە پارێزگاکان و ئیدارەکان لەهەر بەشێك بنکەیەکی تەندروستی هەیە و کەسانی پسپۆر نەخۆشیەکەی دەستنیشان دەکەن.

**ڕێو شوێن و ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە دەستگیرکراوان:**

دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (قانون اصول محاكمات الجزائیه) ژمارە (٢٣) ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و ڕێکارەکان بریتییە لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی بنەرەتی، دوای گەیشتن بە راستی داوایەکە تۆمەتبارەکە وەک مافێکی خۆی بۆی هەیە پارێزەرێک ئامادە بکات و ئەگەر نەیتوانی پارێزەر ئامادە بکات ئەوا لەسەر دادگا پێویستە پارێزەری بۆ دابین بکات و ئاگاداری کەسوکاری دەکرێت کە ناوبراو گیراوە لە بنکەی پۆلیس، دواتر کەیسەکە رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی بەپێی یاسا.

سەبارەت بە یاسای (تصديق اتفاقية تسليم المتومين والمحكوم عليوم بين حكومة الجمهورية العراقية وحكومة الجمهورية الاسلامية الايرانية) بەپێی تایبەتمەندی ئەو ڕێکارانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاکسازییەکانی گەوران سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت.

دواکەوتنی ڕێو شوێنەکان دادگایی کردنی تۆمەتباران هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بنکەکان پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان ڕێکارە یاساییەکان لەلایەن لێکۆڵەرەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت کە بەپێی یاسا بۆی دیاری کردووە، بەڵام لە لایەن بەرێزان دادوەرانی لێکۆڵینەوە چارەنووسیان دیار دەکرێت لە هەمانکاتدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە سەبارەت بە تەواوکردنی پەراوی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یاسایی دیاری کراو.

سەبارەت بە ئەشکەنجەدان بە هیچ شێوەیەك بەپێی یاساو ڕێنماییەکان ڕێگە نادرێت ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس راگیراوان ئەشکەنجە بدەن لەکاتی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی دانپێدانان بەزۆر و بەپێی دەستووری عێراقی فیدراڵ کە هاتووە مافی دادگایی(حق التقاضی) کە بەماددەی (19/ سێیەم) هاتووە (التقاضی حق مضمون مكفول للجميع) هەر تۆمەتباریك بۆی هەیە سکاڵا تۆمار بکات لە لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەتی ناوخۆ داواکاری گشتی وەزارەتی داد و مافی مرۆڤ بۆ نموونە بە پێی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ – فەرمانگەی یاسایی ژمارە (1368 لە 2014/7/8) داوای کردووە ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە پێك بهێنرێت و بەبەردەوامی ڕێنمایی ئەفسەران و کارمەندان دەکرێت هەڵنەستن بە ئەشکەنجەدانی راگیراوان بە پێچەوانەوە هەر یەکێک لە ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس ئەشکەنجەدا ئەنجام بدات سزادەدرێت.

سەبارەت بە تاوانبار (ع –ع) سێ کێشەی لەسەرە یەك لە کێشەکانی یەکلابۆتەوە و تێیدا ماوەی (6) ساڵ حوکم دراوە بەپێی ماددەی (322) لەیاسای سزادان. رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران کراوە لەبەڕێوەبەرایەتی بەشی گرتن و گواستنەوە نەماوە. سەبارەت بە بنکەی تەندروستی لە بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی پارێزگای دهۆك بنکەیەکی تەندروستی هەیە لەناو چاکسازی گەوران هەمان ئەرکی پێ سپێدراون بۆ راگیراوان لەبەرئەوەی بیناکانیان نزیك یەکترن دەکەوێتە ناوچەی زەرگا.

لەلایەکی دیکەوە پشکنینی تەندروستی بۆ راگیراوان لەسەر راپۆرتەکانی پزیشکی بنکەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتی بەشی گرتن و گواستنەوەکان و لەسەر راسپاردەکانی پزیشکەکان پشکنینەکان ئەنجام دەدرێت.

سەبارەت بە نەبوونی کارمەندی رەگەزی مێ لە پۆلیسی قەزاو ناحیەکان تاکو ساڵی(2012) نزیکەی (5%) دامەزراوان لە ڕەگەزی مێ بوون وەکو دەزانرێ ئەم کێشە گرێدراوە بە کێشەی بودجەوە بۆ ئەوەی ئەم کێشە چارەسەر بکرێ و لەکارنامەی بەڕێوەبەرایەتییەکان دا هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە.

دانانی سەرۆکی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە بەپێی (قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي) ژمارە (17) ساڵی (2008) ماددەی (6) لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆدایە، ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە لە سێ ئەفسەر پێکدێت و ئەوەی پلەی بەرزترە دەبێتە سەرۆك دووانەکەی دیکەش دەبنە ئەندام و ئەگەر هاتوو ئەفسەرەکە یاخود پۆلیسەکە کێشەکەی مەدەنی بوو لە دادگای لێکۆڵینەوە یەکلایی دەبێتەوە دوای تەواو بوونی سزاکەی لەدادگا و دواتر ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی بۆ پێك دەهێنرێت و سەرۆکی ئەنجوومەن دەسەڵاتی دادوەری هەیە تاکو پەراوەکەی رەوانەی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکرێت.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی نەگونجاندنی بینایەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و ژنان و مێردمنداڵان ئەم گرفتە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

أ ـ ئەو بینایانە لە بنەڕەتدا بۆ پڕۆژەی چاکسازی دروست نەکراون، بەڵکو تەنیا بۆ داڵدەدانی ڕێژەیەك لە منداڵی لاساری یاسایی درووستکراوە و هیچ پەیوەندییەکی بەو ژنانەوە نییە کە حوکم دراون، بەڵام لەبەر نەبوونی باڵەخانەی تایبەت بەو ژنانە، ئێستا لەنێو بینا کۆنەکەی چاکسازی منداڵان جێگەیان بۆ کراوەتەوە.

ب ـ هۆڵ و شوێنی خەوتن و وەرشە و بنکەی تەندروستی هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە، هۆڵەکان وەکو خۆیانن تەنیا ئەوە نەبێت کە ساڵانە بە گوێرەی پێویست و هەبوونی پارەو ئیمکانیات نۆژەن دەکرێتەوە، بەڵام بە هۆی زۆربوونی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان و هاتنی زۆری ئاوارە و پەنابەر هۆڵەکان بەش ناکات.

هەوڵدراوە لە هەرسێ پارێزگا (هەولێرو سلێمانی و دهۆك) شوێنی نوێ دروست بکرێ بۆ ئەم مەبەستەش زەوی لە شوێنی گونجاو تەرخان کراوە بۆ دروستکردنی بینا و باڵەخانەی تازە بۆ چاکسازییەکانی ژنان و مێردمنداڵان، و ئەو زەوییانەی بۆ چاکسازییەکانی نەوجەوانان تەرخانکراوە دیزاین و نەخشەسازییان کۆتایی پێهاتووە و حەواڵە کراوە بۆ کۆمپانیای بەڵێندەر بۆ دەستپێکردنی کارەکانیان، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارکردن تیاندا وەستێنراوە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش ئێستا لە هەولێر نزیکەی (23%) کارەکانی بینایە چاکسازی ژنان تەواو بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی کارکردن لە پڕۆژەکە وەستاوە. بە هەمان شێوە لە دهۆك و سلێمانی ئەو زەوییانەی بۆ چاکسازی ژنان تەرخان کراوە دیزاین و نەخشەسازی کۆتایی پێهاتووە حەواڵە کراوە بۆ کۆمپانیای بەڵێندەر بۆ دەست بە کاربوون، بەڵام قەیرانی دارایی هۆکارێکە بۆ تەواو نەکردنی ئەو پرۆژەیە.

ئەو نەوجەوانانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی تەمەنی (18) ساڵی تەواو دەکەن و بەردەوامن لە خوێندن بە سیستەمی خانە و ئەگەر بەردەوام بن لە خوێندن تا تەمەنی (18) ساڵی لە خانەکان دەمێننەوە، بەڵام ئەگەر نەخوێنێت سیستەم ڕێگا نادات بە مانەوەی ئەو نەوجەوانە لە خانەکان، چونکە بەردەوام بوون لە خوێندن یەکێکە لە مەرجەکانی خانە،

دوای ئەوەی دەچنە قۆناغی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەوا لە بەشی ناوخۆی قوتابیان جێگایان بۆ دەکەنەوە بەمەرجی بەردەوام بوون لە خوێندن، سەرەڕای ئەمە هەندێک جار یارمەتی دەدرێن بۆ مانەوەیان تا شوێن و جێگایان بۆ دابین بکرێ یان کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە .

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەندامانی داواکاری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ئۆفیسیان نییە، بەڵام (لێکۆڵەری دادی ـ المحقق العدلي )کە سەر (بە وەزارەتی داد)ن ئۆفیسیان لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر هەیە و کارەکانیان تێدا ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەگەر ئەندامانی داواکاری گشتی کاریان هەبێت ئوفیسی ئەوان بەکاردێنن.

ئەشکەنجەدانی بەندکراو بە فەرمانی ڕەسمی و بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کراوە و بە هیچ شێوەیەک حاڵەتی ئەشکەنجەدان لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تۆمار نەکراوە، ئەگەر حاڵەتێک لای هەر ناوەند و ڕێکخراوێک تومار کرابێت ئەوا داواکارین بە ووردی بۆمان بنێرن تاوەکو بەپێی یاساو ڕێنماییەکانمان ئیجرائاتی پێویست وەگرین.

سەبارەت بە تۆمەتی دەستدرێژی کردنە سەر پەنابەر و ئاوارەکان لە کەمپەکان بەرامبەر بە پێدانی کۆمەک و یارمەتییەک، تا ئێستا هیچ سکاڵایەک لای ئێمە تۆمار نەکراوە و ئەگەر هەر حاڵەتێکیش هەر لایەنێک تۆمار کرابێت، داواکارین ئەو حاڵەتانەمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی ئێمەش وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ئیجرائات و ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەر بەو کەسانە بگرینە بەر کە سەرپێچییان کردووە.

سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستی لە گرتوخانە چاکسازییەکانی دهۆک وەزارەتی تەندروستی دەڵێت "دوو گرتوخانەی چاکسازی هەیە هەر یەکێکیان بنکەی تەندروستی وتیمی پزیشکی (٢٤) کاتژمێر هەیە، هەروەها تاقیگە و دەرمان هەیە و بۆ هەر بەندکراوێک فۆرمی تایبەتی دروستکراوە. هەر بەندکراوێک لە سەرەتای هاتنی بۆ گرتوخانەکانی گرتن و گواستنەوە، پشکنینی تایبەتی پەیوەنداری پێویستی بۆ دەکرێت و فایلی تەندروستی تایبەت بە خۆی دەبێت، هەروەها پشکنینەکانی بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان وەک (هەوکردنی جگەر و ئایدز و سیل) و نەخۆشیە درێژخایەنەکانی وەک (شەکرە و فشاری خوێن) و نەخوشیەکانی دیکە.

**ڕەوشی ژنان و منداڵان:**

بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو قەیرانە ئابوورییەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیش ڕوو لە زیادبوونن وەک توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت، منداڵان، سواڵکردنی ئافرەتان و منداڵان، لەشفرۆشی و چەندین گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی. لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم بەمشێوەیە تێبینییەکانی خۆیان سەبارەت بەو خاڵانەی کە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وەک پێشێلکاری لەم بارەیەوە لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی کردووە دەخەنەڕوو

سەرچاوەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەردەوامە لە هەوڵی کەمکردنەوەی رێژەی توندوتیژی بە بڵاوکردنەوەی وشیاری، ئەنجامدانی خول و سیمینار و وۆرك شۆپ، ناساندنی یاساکانی تایبەت بە ژنان، کردنەوەی نوسینگە و هۆبەی زیاتر لەو شوێنانەی کە پێویستن، هەروەها بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە پاڵپشتی وەزارەتی ناوخۆ بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە وکەم و کوریەکان ودابینکردنی پێداویستیەکان و دروستکردنی تیم موبایل بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و بەدواداچوونی کەیسەکان لەو شوێنانەی کە نوسینگە و هۆبەی بەرێوەبەرایەتییەکەی لێ نییە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەنجومەنی باڵای خانمان ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەرەکان بۆ دروست بوونی توندوتیژی دژ بە ژنان دەخەنە روو کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

• زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان و گۆڕانکاری تۆپۆگرافیای کوردستان بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە و پەنابەر کە کاریگەریان کردووەتە سەر کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگە و دین مەزهەب (سوننە و شیعە) و زمان و ...هتد، هەروەها کار دەکاتە سەر بازاڕی کار و بێکاری روو لە زیادبوون دەکات.

• خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا بەتایبەتی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بوونەتە هۆی زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەش زیادبوونی رێژەی جیابوونەوە.

• خراپ بوونی باری ئابووری و دارایی و زۆر بوونی ڕێژەی هەژاری لە وڵاتدا

• جەنگ و شەڕی روبەروو بوونەوەی تیرۆر و ململانێی نێو خۆیی و دەرەکی

**هۆکارەکانی جیابوونەوە وهەنگاوەکانی چارەسەر کردنی ڕێژەی جیابوونەوە:**

زیاد بوونی دیاردەی تەڵاق لە نێو هاوسەراندا بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

• زوو بە شودانی منداڵ واتە لە خوار تەمەنی یاسایی کچ بە شوو دەدرێت، ئەمەش وا لەو کچە دەکات نەتوانێت بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە، چونکە هیچ رۆشنبیرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری و بەڕێوەبردنی خێزان ئەمەش کێشەی گەورەی لێدەکەێتەوە و دەبێتە هۆی جیابوونەوە.

• پێداویستیەکانی ژیان ڕوو لەزیادبوونە و باری دارایی خێزانەکان خراپە.

• ناپاکی هاوسەری ڕووی لە زیادبوونە، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان.

• دیاردەی فرەژنی لە زیادبووندایە لە کاتێکدا بەپێی یاسا لە هەرێمی کوردستان قەدەغە کراوە، بەڵام لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجام دەدرێت.

**رەوشی شەڵتەرەکان:**

باڵەخانەی شەڵتەرەکان بەو شێوەیە خراپ نییە کە باس دەکرێت، بۆنموونە شەڵتەرەکانی سلێمانی بینای خۆیان هەیە کە یەکێکیان حکومەت بەڕێوەی دەبات یەکێکی دیکەیان هی ڕێکخراوە. لە دهۆك شەڵتەر بینایەی بۆ کراوە، بەڵام لەبەر ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و قەیرانی دارایی راوەستاوە.

لە هەولێر کێشەی بینای نییە، بێگومان ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەنجومەنی باڵای خانمان داوایان لە خودی شەڵتەرەکان و وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی کرد بە پرۆژەیەك چی پێداویستیان هەیە بۆمان بنێرن، ئەوان لە پرۆژەکەیاندا تەنها داوای پاراستن و خزمەتگوزاری رۆژانەیان کردووە.

لە یەکێك لە بەندەکانی بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە خۆپاراستن هاتووە کە دەتوانرێت بە زۆر لایەن جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆتۆکۆلێك لە نێوان وەزارەتەکانی (ناوخۆ، کار) و بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی خانمان و بە هاوکاری رێکخراوی (UNWOMAN) واژۆ کراو ئێستا لە بواری جێبەجێکردندایە کە پشکێکی زۆر باشی بۆ خزمەتی شەڵتەرەکانە.

رێژەی ئەو ئافرەتانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە و لە شەڵتەرەکان دادەنرێن، بە شێوەیەکی بەرچاو نییە کە مایەی باس کردن بێت، لەوانەیە چەند حاڵەتێك بێت، ئەویش لەبەر نەبوونی نەخۆشخانە یان ناوەندێکی تایبەت بەم نەخۆشیە ئەوا یا دەبرێتە شەڵتەر یان بەندیخانەی ژنان.

بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە نەخۆشخانەیەکی چارەسەری دەروونی دابمەزرێنێت. لەم بارەیەوە پێویستە لیژنەیەك پێکبێت لە نوێنەری وەزارەتەکانی (ناوخۆ ،پەروەردە، کاروباری کۆمەڵایەتی، خوێندنی باڵا، داد، ئەنجومەنی خانمان)، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەکە بەسەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی پێکهێنرا، ماوەی دوو ساڵە کارە سەرەکییەکانی لیژنەکە و پرۆژەکە تەواو بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی جێبەجێ نەکراوە.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ زۆربوونی منداڵە فڕێودراوەکان و جۆر و شێوەی سزای بە سەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنرێت کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن پێیوایە کە ئەم بابەتە پەیوەستە بە پۆلیس و دادگاوە بە گوێرەی یاسای سزادانی عێراقی کاری لەسەر دەکرێ، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی بەخێوکەر بۆ منداڵەکە لە خانەی سەرپەرشتی کردنی منداڵان و نەوجەوانان وەردەگیرێ و پەروەردە دەکرێ ئەمەش لەسەر بڕیاری دادوەر تا دادگا بە ڕەسمی دەیدەن بە و خێزانانەی خۆیان ئامادەی بە خێوکردنی ئەو منداڵەن کە لە دادگا خۆیان ناونووس دەکەن (تەبەننی) دەکرێن. لە ساڵی 2015 تەنیا 3 منداڵ و لە ساڵی 2016 تا ئێستا 4 منداڵ تەبەننی کراون.

ئەو نەوجەوانانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی تەمەنی (18) ساڵی تەواو دەکەن و بەردەوامن لە خوێندن بە سیستەمی خانە و ئەگەر بەردەوام بن لە خوێندن تا تەمەنی (18) ساڵی لە خانەکان دەمێننەوە، بەڵام ئەگەر نەخوێنێت سیستەم ڕێگا نادات بە مانەوەی ئەو نەوجەوانە لە خانەکان، چونکە بەردەوام بوون لە خوێندن یەکێکە لە مەرجەکانی خانە، دوای ئەوەی دەچنە قۆناغی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەوا لە بەشی ناوخۆی قوتابیان جێگایان بۆ دەکەنەوە بەمەرجی بەردەوام

بوون لە خوێندن، سەرەڕای ئەمە هەندێک جار یارمەتی دەدرێن بۆ مانەوەیان تا شوێن و جێگایان بۆ دابین بکرێ یان کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە .

دەربارەی دیاردەی سواڵ کردن بە منداڵان و چۆنیەتی بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەم دیاردەیە تا ئێستا وەزارەتی کار هیچ بەرنامە و میکانیزمێکی نییە لەبەر نەبوونی بودجەی تایبەت بۆ ئەم کارە و بەشێکی پەیوەندی بە وەزارەتەکانی دیکەوە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیمان بە ڕێکخراوی (AIO) کردووە، بەڵام داتامان دەست نەکەوتووە. ئەو کەسانەی کە کاری نا شایستە بەرامبەر بە منداڵان ئەنجام دەدەن یان دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر منداڵان و ئازاریان دەدەن ئەوا بەپێی یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێن.

سەبارەت بە سیستەمی خێزانی جێگرەوە کاری لەسەر کراوە بە هاوکاری ڕێکخراوی (STEP)ی بەریتانی، بیرۆکەی خێزانی جێگرەوە لە ساڵی (2009) هەبووە لە ساڵی(2010) کاری لەسەر کراوە بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی ناوبراو کە ئۆفیسیان لە پارێزگای سلێمانییە، لیژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە لەسەر ئاستی وەزارەت و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (STEP) کاری لەسەر داڕشتنی سیستەمی خێزانی جێگرەوە کردووە لە ساڵی (2012) ڕەشنووسی سیستەمەکە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چاوەڕوانی پەسەند کردنین، هەروەها یاداشتی لێك تێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی (STEP) ی بەریتانی ئیمزاکراوە، پوختەی ئەو کارەی تا ئێستا ئەنجامدراوە بریتییە لە:

- ساڵی 2015 پێنج توێژەری کۆمەڵایەتی دیاریکران بۆ بەشداربوون لە چەند خول و وۆرك شۆپ تا کۆتایی مانگی 2 / 2016 بە مەبەستی پێگەیاندن و شارەزایی پەیداکردن لە بواری پرۆژەی خێزانی جێگرەوە. لە مانگەکانی (4 و 5 / 2016) دوای ئەوەی (5) خێزان بڕیاریاندا بێنە ناو پرۆژەکەوە، لە ناوەڕاستی مانگی ( 5 / 2016 ) خولێکی هۆشیارییان بۆ کرایەوە، لە مانگی (6 و 7/ 2016) دەستکرا بە سەردانی داواکارەکان (خێزانەکان) بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی خێزانەکان و شیاندنیان پرۆژەکە، ناوەڕۆکی فۆرمی سەردانییەکانیان بریتیبوون لە (سەلامەتی، پاکانەی تەندروستی، پاکانەی تاوانکاری، زانیاری ڕاستەقینە، زانیاری فۆرمی) لە ئێستادا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی (ئاسایشی سلێمانی، تەندروستی سلێمانی، بەڵگەو تاوان، کەشفی مراکز) خێزانەکان دەنێرین بۆ ئەو فەرمانگانە هەتا پشکنینیان بۆ ئەنجام بدرێ، کە ئەمانە هەمووی بریتین لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن دواتر بۆ بەردەم بۆردی پەسەندکاری دوا بڕیار لەبارەوە دەدرێت، ئەندامانی بۆردەکە ناسێنراون.
- لە پارێزگای دهۆك کار لەسەر خێزانی جێگرەوە کراوە، بەڵام بۆ حاڵەتی کتوپڕ وەك ئەوەی لە ناوە ئاوارە ئێزیدیەکان ئەنجام دراوە بۆ جێگیرکردنی ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی شاڵاوی دڕندانەی داعش و ئاوارە بونیان ژمارەیەك منداڵ بێ سەرپەرشت مانەوە دابڕان لە خێزانەکانیان کە ژمارەیان (618) منداڵە لەمانە کار کرا بۆ (217) منداڵ بە فەرمانی دادوەر لە ناو خزمان و کەسوکاری خۆیان جێگر کراون.

**ڕەوشی کەمئەندامان:**

لەم راپۆرتەدا دەستەی سەربەخۆ ئاماژەی بەوە کردووە کە وەک پێویست و بەشێوەی گونجاو مامەڵە لەگەڵ کەمئەندامان ناکرێت، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارە حکومییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بە یارمەتی ژمارەیەک لە رێکخراوەکانی کەمئەندامان هاوکاری تەواوی کەمئەندامان کراوە و بەگوێرەی رێژەی کەمئەندامیان موچەیان بۆ بڕدراوەتەوە.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە بارەی پاراستنی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت دەڵێت بە هاوکاری وەزارەتی کار و وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی باڵا پێکهاتووە بە مەبەستی پێداچوونەوە بە پشکنینی پزیشکی بۆ دیاریکردنی رێژەی کەمئەندامی، لەبەرئەوەی گومان لەو رێژەیە هەیە کە لە پشکنینەکانی پێشتر بۆ کەم ئەندامان دیاری کرابووە، پاش تەواو بوونی ئەم پشکنینە (90) رۆژ دانراوە کە مووچەکانیان بۆ بگەڕێتەوە بە بڕی (150 هەزار دینار) ڕێژەی کەم ئەندامیش لە 65 % و دەست پێدەکات بۆ هەر جۆرە کەم ئەندامییەك ڕێژەیەکی بۆ دیاری کراوە.

ـ رێکخراوەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان ژمارەیان (٢٧) ڕێکخراون و پەرتەوازەن ئەو پەیوەستە بە هەڵوێست، بەرنامە و دید و بۆچوونی ئەو ڕێکخراوانە، هەر ڕێکخراوی نوێنەری توێژێ یان جۆری لە کەمئەندامانە. وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە، بەڵام بەگوێرەی توانا هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ گشت ئەم ڕێکخراوانە کار دەکات.

سەنتەری ئۆتیزم لە شارەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) سێ سەنتەری ئۆتیزم هەیە کە حکومین ژمارەی ئەو منداڵانەی پەیوەندیان بەم سەنتەرانە کردووە بەپێی ئاماری مانگی 3 / 2016 بریتین لە: ( هەولێر (19) منداڵ، سلێمانی (18)منداڵ، دهۆك (16)منداڵ) کە کۆی گشتیان 53 منداڵە).

لە قەزاو ناحیەکان سەنتەری تایبەت بە منداڵانی تووش بوو بە ئۆتیزم نییە. بەڵام کێشەی سەرەکی لە بوونی کەموکوڕی لە سەنتەرەکانی ئۆتیزم بریتییە لە نەبوونی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ، هەروەها کەسوکاری منداڵەکان ئەوەندە شارەزایی و پسپۆڕی زانستییان نییە کە بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن بۆیە  پێویست دەکات ئەم کارمەندانە و کەسوکاری منداڵە توش بووەکان خولی تایبەتییان بۆ بکرێتەوە تاکو شارەزایی تەوایان لە بەرنامەکە هەبێت لە ڕووی ئەکادیمی و تیۆرییەوە.

نەبوونی بودجە و  بینای تایبەت بۆ ئەم سەنتەرانە و دابینکردنی پێداویستییەکانیان یەکێکی دیکە لە کێشە سەرەکییەکانە و وەرنەگرتنی منداڵانی تووش بوو بە ئۆتیزم هیچ پەیوەندییەکی بە نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتییەوە نییە، چونکە کەمی ستافەکانی دیکە وەك (دەروونی و پزیشکی و هونەری) لایەنێکی کێشەکەیە. جگە لەو سەنتەرە حکومیانە سەنتەری ئەهلیش لە کوردستان هەیە تایبەت بە منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم.

**هاتوچۆ و ڕێگاوبان:**

لە راپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ رووداوەکانی هاتوچۆ بە شێوەیەکی مەترسیدار باس لە قوربانییەکانی هاتوچۆ و ڕێگاوبانەکان دەکرێت، چونکە ڕۆژ دوای ڕۆژ قوربانییەکانی روو لە زیادبوونن ئەمە جگە لە زیانە ئابووری و ماددییەکان کە بەر

وڵات و خودی هاووڵاتیان دەکەوێت، لە هەمان کاتدا باس لە چەند کێشە و گرفتێک دەکات کە هۆکارن بۆ زیادبوونی ژمارەی قوربانیان.

بەگوێرەی سەرچاوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ لە کوردستان تا ئێستا یاسای هاتووچۆی عێراقی پیادە دەکرێت، بەپێی ئەم یاسایە خێرایی ئۆتۆمبێل دیاری کراوە بەمەبەستی پاراستنی گیان وماڵی هاووڵاتیان، بەپێی ئامارەکانی تایبەتی بە قوربانیانی هاتوچۆ خێرایی هۆکاری سەرەکییە بۆ رووداوەکان و دەگاتە نزیکەی(٦٠%)ی هۆکارەکانی قوربانیان لە ئەنجامی رووداوەکانی هاتوچۆ، بۆیە مەبەست لە غەرامەی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل تەنیا وەرگرتنی پارە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە برا شوفێرەکان پابەند بن بە رێنماییەکانی هاتوچۆوە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و بە هەدەر نەدانی سەروەت و سامانی وڵات.

دەربارەی وەرگرتنەوەی مۆڵەتی شوفێری بەپێی یاسا دەبێت بڕیارێکی قەزایی هەبێت بۆ وەرگرتنەوەی مۆڵەتەکە بەپێی ماددەی (٣٧) لە یاسای هاتوچۆ، لە ئێستادا حکومەتی فیدراڵی بەنیازە گۆڕانکاری لەیاسای هاتووچۆی ژمارە (86 ساڵی 2004) بکات ئەمەش لەسەر ئەو پێشنیارە بووە کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم ئاراستەی کردوون.

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (1,400,000) ئۆتۆمبێل هەیە کە بە فەرمی تۆمار کراون، جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی کە تۆمار نەکراون یان بەشێوەی کاتی داخلی هەرێمی کوردستان دەبن، هەروەها زیاتر لە (١،٥٠٠،٠٠٠) کەس مۆڵەتی شوفێرییان هەیە، بەپێی ئامارەکان لە رۆژێکدا لە کۆی (500) شوفێر رەنگە یەك شوفێر سەرپێچی بکات، چونکە زۆربەی شوفێران پابەندی یاسا و رێنماییەکانن و نموونەش بۆئەوە زۆرە، لە هەمان کاتدا پۆلیسی هاتووچۆ بەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن لە رۆژانی (گەرما و سەرماو خۆڵ بارین و باران بارینی وشەو رۆژ وە رۆژانی جەژن و پشووەکانیش) ئەوان لە ئەرکدان.

سەبارەت بە کێشە ماتۆر سکیلەکان دیارە ژمارەیەکی زۆر ماتۆرسکیل هەیە کە زۆربەیان تۆمارنەکراون، وەزارەتی ناوخۆ پێشتر داوای لە وەزارەتی دارایی کردووە بەنوسراویان ژمارە (19064 لە 2012/7/22) کە رێگا نەدەن بەهێنانی ماتۆرسکیل(دوو تایە و سێ تایە) و ئەم بڕیارە جێبەجێکراوە.

سەرەرای ئەوەی ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی(سنوری وموسڵ شنگال) کە ئاوارەبوون ماتۆرسکیلیان هێناوە لەگەڵ خۆیان، ئێمە دەستمان بەسەر زیاتر لە (٤٠٠٠) ماتۆرسکیلدا گرتووە، بەڵام ناتوانین هیچ رێکارێکی یاسایی بەرامبەریان بگرینە بەر یان سزای بدەین وەك (مصادرە) ، چونکە ئەمە پێویستی بە بڕیاری قەزایی یان بریاری ئەنجومەنی وەزیران هەیە.

سەبارەت بەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە شەقام و کۆڵانە و پارکەکان رادەوەستن، خاوەنەکانیان سزا دەدرێن بەپێی یاسا و رێنماییەکان وپێویستە لایەنی پەیوەندیدار گەراجی تایبەت تەرخان بکات بۆ بارهەڵگرە گەورەکان.

**پیسبوونی ژینگە و بوونی پاڵاوتگەی نا یاسایی:**

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئاماژە بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پاڵاوتگەی نەوت بێ ئەوەی مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان هەبێت و ئەمەش بە پێشێلکاری دادەنێت، هەروەها بە هۆکارێکی دادەنێت بۆ پیسبوونی ژینگەی کوردستان  کە لە ئەنجامدا کاریگەریی دەبێت لەسەر تەندروستی هاووڵاتیان، لایەنی پەیوەندیدار بەمشێوەیە تێبینییەکانی خۆی دەخاتە روو:

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رایدەگەیەنێت کە ئەم پاڵاوتگانە مۆڵەتیان نییە و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە هیچ شێوەیەک مۆڵەتی نەداوە بە هیچ لەم پاڵاوتگانە، بەڵام بە مەبەستی رێکخستنی چالاکییەکانی کەرتی نەوت و گاز بە باشترین شێوە کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت و لە هەمان کاتدا بۆ پارێزگاریکردن لە تەندرووستی هاووڵاتیان و پاراستنی ژینگەی هەرێم، بڕیاردراوە بە:

1. دەرکردنی فەرمانی وزاری ژمارە (8545) لە رێکەوتی 2016/9/15 تایبەت بەم پاڵاوتگانە لە هەرێمی کوردستان
2. بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رێنمایی تایبەتی بە تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە بۆ رێکخستن و چاودێری کردنی ئەم پاڵاوتگانە دەرکرد لە رێکەوتی 2015/10/1.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەرەڕای دەرکردنی فەرمانی وزاری و رێنمایی تایبەت سەبارەت بەم پاڵاوتگانە و بۆ ریکخستنی کار و چالاکییەکانی، بۆیە بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتووی ئەم پاڵاوتگانە کەیسەکە خراوەتە بەردەستی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز.

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی سامانە سرشتییەکان ژمارەی ئەم پاڵاوتگە نا یاساییانە دەگاتە (١٩٢).

**رەوشی تەندروستی:**

بواری تەندروستی گرنگییەکی زۆری هەیە و پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، بۆیە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ گرنگییەکی تایبەتی بەم بوارەوە داوە و لە زۆر رووەوە ئەو رەفتارانەی خستۆتە روو کە بە پێشێلکاری بەرامبەر بە هاووڵاتیان دادەنرێن.

لە راپۆرتەکەدا باس لە چەندین دیاردە دەکرێت کە پەیوەندی راستەوخۆی بە سەلامەتی هاووڵاتیانەوە هەیە و کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانیان لە زۆر بوارەوە لەوانە بایکۆتی دەوام لەلایەن کارمەندانی بواری پزیشکی، مامەڵەی نەشیاوی هەندێک لە پزیشکەکان لەگەڵ نەخۆشەکان و کەمتەرخەمییان بەرامبەر بە هاووڵاتیان، گرانی نرخی پشکنینی پزیشکی لە نەخۆشخانە تایبەتەکان و نەبوونی چەندین ئامێری پێویستی تایبەت بە هەندێک نەخۆشی وەک شێرپەنجە و هەوکردنی جگەر.

وەزارەتی تەندروستی ئاماژە بەوە دەکات کە پشت بە کۆمەڵێک یاسای تایبەت دەبەستێت بۆ سزادانی کەمتەرخەمی فەرمانبەران ئەگەر سزاکان کارگێڕی بن، هەروەها ئەگەر بابەتی تاوانکاری یان داوای قەرەبووی ماددی تێدا بێت ئەوا بابەتەکە رەوانەی دادگای پەیوەندار دەکرێت.

سەبارەت بە کەمتەرخەمی کارمەندانی بواری تەندروستی تا ئێستا چەندین حاڵەت هەیە کە فەرمانبەرانی وەزارەتمان بە پزیشک و کارمەند و فەرمانبەرانی دیکەشەوە سزا دراون، هەروەها هیچ پزیشکێک بۆی نییە لە کاتی دەوامی فەرمی دا لە نەخۆشخانەکان نەخۆش چارەسەر نەکات ئەگەر هەر حاڵەتێکی لەم شێوەیە هەبێت ئەوا لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو پزیشکە دەکرێت و ڕێو شوێنی پێویست دەگیردرێتە بەر، هەروەها نابێت نەخۆش لە نەخۆشخانە گشتیەکان بنێردرێت بو نەخۆشخانەی تایبەت تەنیا لە حاڵەتێک نەبێت ئەویش کە نەخۆشەکە لەسەر ڕەزامەندی خۆی لە نەخۆشخانەی گشتی دەربچێت ئەو کات ئازادە وەکو هەر نەخۆشێکی دیکە چۆن بڕیار دەدات.

**لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە سکاڵای نەخۆش لە ساڵی ٢٠١٥:**

| | |
|---|---|
| **ژمارەی سکاڵاکان کە لە دادگاکانی هەرێم تۆمار کراون** | **80** |
| **حەواڵەکردنی سکاڵا بۆ دادگای لێکۆڵینەوە** | **9** |
| **داخستنی لێکۆڵینەوە لە دۆسیە** | **33** |
| **لێکۆڵینەوەی بەردەوام لە دۆسیە** | **26** |
| **سزادانی لایەنی بەرپرس** | **13** |
| **قەرەبووکردنەوەی نەخۆش** | **1** |
| **سزادانی دکتۆر** | **5** |
| **سزادانی کارمەند** | **5** |
| **ئاراستەکردنی نوسراو بۆ سەندیکای پزیشکان** | **1** |
| **رەوانەکردنی دۆسیە بۆ سەندیکای پزیشکان** | **1** |

ئامێری چارەسەری (تیشکە چارەسەر) بو شێر پەنجە لە شاری هەولێر و سلێمانی هەیە. ئێستاش لە پلاندایە سەنتەرێکی دیکە لە شاری هەولێر بکرێتەوە، پرۆژەکە دراوەتە کۆمپانیای جێبەجێکار، بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەی نەخۆشخانەکان بەتایبەتی لە ئێستادا کە ژمارەیەکی زۆر ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەیە پێویستە نەخۆشەکان بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بن بۆ ئەنجامدانی چارەسەری نەخۆشەکانی شێرپەنجە بە تیشک، سەبارەت بە ئامێری تیشکی (CT scan) لە زۆربەی نەخۆشخانەکان و نەخۆشخانە فریاکەوتنەکان دا هەیە و لە حاڵەت و ڕووداوە کتوپڕەکان لەهەمان کات دا تیشکی (CT scan) وەردەگیرێت بۆ نمونە لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتنی رۆژهەڵات و ناوەند و رۆژئاوا. لە نەخۆشخانە گشتیەکان نرخی تیشکی (RMI CT scan) دیاریکراوە، بەڵام لە نەخۆشخانەی گشتی نرخەکە زۆر نییە، چونکە ڕەچاوی بارودۆخی ئێستای هەرێم کراوە. لەلایەکی دیکەوە گشت ئەو ئەمبوڵانسانەی کە لەلایەن تیمەکانی فریاکەوتنی خێرا بەکاردەهێنرێن بۆ گواستنەوەی نەخۆشەکان ئۆکسجینیان تێدایە لەگەڵ کارمەندی تەندروستی ڕاهێنراو.

سەبارەت خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و هێنانی دەرمان لە دەرەوە، وەزارەتی تەندروستی پلانی تایبەت و بەرنامەی کاری هەبووە و بەردەوامیش بۆ ئەم مەبەستە کاری کردووە، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی زۆربەی پرۆژەکان وەستاون، بۆ نموونە پرۆژەی دروستکردنی (٢٠) نەخۆشخانە لە سەرتاسەری هەرێم.

ئەو کۆمپانیانەی سەرپێچی یاساکانی هێنانی دەرمان دەکەن رێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر وەک: داخستن یان رەوانە کردنیان بۆ دادگا، یاخود داوا دەکرێت بخرێنە نێو لیستی رەش. زۆر باش لە مامەڵە کردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەروونی بوونەتەوە، ئەم جۆرە نەخۆشانە بەپێی راسپاردەی پزیشکی دەروونی دوای دەست نیشانکردنی نەخۆشیەکە و پێویست بوونی بە مانەوە بە مەبەستی چارەسەر تا ئەو کاتەی پێویست دەکات. هەوڵی چارەسەر کردنی گرفتەکانی نەخوشخانەکە دراوە بۆ ئەوەی شوێنەکە گونجاو بێت، بەڵام قەیرانی دارایی رێگربووە لە چارەسەر کردنی ئەم گرفتە.

دەربارەی دامەزراندنی نەخۆشخانەی ئەهلی چەند رێنماییەکی تایبەت هەیە کە پێویستە ئەو کەسەی کە دایدەمەزرێنێت بە تەواوی جێبەجێیان بکات ئینجا مۆڵەتی دامەزراندن و کردنەوەی پێ دەدرێت چاودێری و بەدواداچون هەیە بو نەخۆشخانە تایبەتیەکان لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە و پشکنین و بە دواداچون لەلایەن بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی شارەکانەوە بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکرێت.

**بەشێک لە مەرجەکانی دامەزراندنی نەخۆشخانەی ئەهلی و خێرخوازی:**

هەر هاووڵاتییەک بۆی هەیە نەخوشخانە تایبەتی دابمەزرێنێت پاش بەدەستهێنانی چەند مەرجێکی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

أ- ئەوەی داوای مۆڵەتی نەخۆشخانە بکات پێویستە پزیشکێکی عێراقی رێگا پێدراو بێت بە ئەنجامدانی کاری پزیشکی و (١٠) ساڵ بەسەر بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس تێپەڕیبێت و پێویستە لەکاتی داوای مۆڵەت ئەمانە پێشکەش بکات: (ڕەگەز نامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی کۆپی ئەسڵی، ناسنامەی نوێ کراوەی سەندیکای پزیشکان، نووسراو و پشتگیری لە لقی سەندیکای پزیشکان و پاڵپشتی بکەن کە مولەتی پیشەی پزیشکی هەیە، نووسراو و پشتگیری وەزارەتی تەندروستی هەبێت کە بەردەوام بوونی دەسەلمێنێت لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری، هەروەها پێویستە پوختەی ڕاژەی پزیشکەکەی تێدا هاتبێت، نووسراوی دەست لەکار کێشانەوە ئەگەر هاتوو دەستی لە کار کێشابێتەوە، ناسنامەی خانەنشینی ئەسڵی و کۆپی پێبێت ئەگەر هاتوو خانەنشین کرابێت، هەروەها پێویستە بڕوانامەی دەرچوون بۆ پزیشکەکە تایبەتەکانی پێبێت).

ب - گشت گرووپە خێرخوازی و زانستیەکان مافیان هەیە داوای مۆڵەت بکەن بۆ کردنەوەی نەخۆشخانە تایبەتی و خێرخوازی. ئەمەش بەپێی چەند مەرجێک دەبێت لەوانە: (پێویستە ئەو گرووپانە تۆمار کراو بن لە دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان، یەکێک لە پزیشکەکان ئەوانەی کەوا مەرجە یاساییەکانیان تێدا هەیە بەپێی برگەی (أ) کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە دابنرێت و پێویستە گشت بەڵگەکان پێشکەش بکات بەپێی برگەکانی سەرەوە بەرپرس دەبێت لە نەخۆشخانە و مۆڵەتەکە بەناوی کۆمەڵگاوە دەردەچێت، و هەروەها گروپە خێرخوازی و زانستیەکان دەتوانن پزیشکی خاوەن بەرپرسیاریەتی

بگۆڕن بە ویستی خۆیان یاخود بە ویستی خۆی بە پزیشکێکی دیکە کە هەمان مەرجە یاساییەکانی هەیە پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی).

**ماددەی هۆشبەر:**

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی هەرێم بە جددی کاری بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لەنێوان راگیراواندا نەکردووە و ئەمە کارێکی کردووە کە ژمارەی بەکاربەرانی ماددە هۆشبەرەکان روو لە زیادبوون بکات، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارە حکومییەکان ئەمە بە تەواوی رەتدەکەنەوە و هەموو ئەو هەنگاوانە دەخەنەڕوو کە حکومەتی هەرێم بۆ ڕێگاگرتن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەر و قەدەغەکراوەکان گرتوویانەتە بەر.

**ئەو هەنگاوانەی بۆ ڕێگاگرتن لە ماددە هۆشبەر و ماددە قەدەغەکراوەکان لەنێو راگیراوان گیردراوەتەبەر:**

١. هەندێک جار ڕێکاری پشکنینی توند ئەنجام دەدەرێت لە کاتی چاوپێکەوتنی راگیراوان لەگەڵ کەسوکاریان.

٢. بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری یاسایی و تەندروستی سەبارەت بە خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و ماددە قەدەغە کراوەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ کەسانی پسپۆر لەو بوارە.

٣. ئەگەر هاتوو هەر راگیراوێک ماددە هۆشبەر یاخود ماددە قەدەغەکراوی لێبگیرێت ئەوا ڕێکاری یاسایی بەرامبەری ئەنجام دەدرێت .

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لای خۆیانەوە هەوڵیانداوە پزیشکی پسپۆر و دەروونی بانگ بکرێت لەگەڵ کەسانی شارەزا بە ماددە هۆشبەرەکان کۆڕو سیمیناری تایبەت ڕێکخراوە. هەرچەندە بەرنامە هەیە بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی پزیشکی ئەکادیمی تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئێستا بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە کاری لەسەر نەکراوە.